# The Plague in Kurdistan (1397 to 1514 AD)

Nasih Aziz Mustafa[1], Mahdi Osman Husen[2]
[1]Soran University, Faculty of Art, [2]koya university, Faculty of Education

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.33*

*Published: 15/1/2025*


## *Abstract*

*The societies of the Middle Ages faced significant challenges due to health crises. The most notable of these was the plague. Consequently, large populations across the world were devastated. In Kurdistan, the plague recurred multiple times during the 9th century AH/15th century AD. As a result, a substantial number of people in the region endured immense hardship and destruction. Kurdistan's geographic location, serving as a bridge between the East and West, played a major role in the spread of the plague within the region. Most of the epidemics were transmitted from the neighboring areas to the north, east, and west. This includes details on the specific incidence and most important locations where the plague spread, as well as various definitions of the plague and a brief history of its dissemination. Due to the widespread deaths caused by the plague, it is clear that many diseases were transmitted beyond Kurdistan. The devastating impact of the plague, despite the massive loss of life, led to economic hardship and famine. This empowered the dominant powers of the time to exert their authority over the Kurdish regions.*


***Keyword***: *Plague, Pandemic, Kurdish regions*

# پەتای تاعون لە کوردستان لە نێوان سالآنی (٨٠٠ – ٩٢٠ ک / ١٣٩٧ – ١٥١٤ ز)

ناصح عزيز مصطفى[١]، مهدى عوسمان هروتى[٢]

(١) م. ى. ناصح عزيز مصطفى، زانكۆی سۆران، فاكەڵتیی ئاداب، بەشی مێژوو.

(٢) پ. ی. د. مهدی عوسمان حسێن هەروتی، زانکۆی کۆیە، فاکەڵتیی پەروەردە، بەشی مێژوو.

Email(1): nasih.mustafa@soran.edu.iq.

Email(2): Mahdi.haruti@koyauniversity.org

**پوختە**

بارودۆخی کۆمەڵگەکان بەگشتی لە سەدەکانی ناوەڕاست بەدەست تەنگژە تەندروستییەکان دژوار بوو، لە گرنگترین ئەم تەنگژانە پەتای تاعون بوو، کە بە هۆیەوە بەشێکی زۆری دانیشتوانی جیهان لەناوچوون، کوردستانیش بەگشتی لە سەدەکانی نۆیەمی کۆچی / پازدەمی زایینی چەندین جار پەتای تاعونی لێ بڵاوبووەتەوە، بە هۆیەوە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان دووچاری نەهامەتی و لەناوچوون بوونەتەوە، هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی کوردستان وەکو پردێکە لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کاریگەری سەرەکی هەبووە لە بڵاوبوونەوەی پەتای تاعون لە کوردستاندا، چونکە زۆربەی پەتاکان لە ناوچە دراوسێکانی باکور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بۆی گوازراونەتەوە. لەم توێژینەوەیەدا باس لە گشت ئەم تاعونانە دەکرێت، کەوا لە ناوچە کوردییەکان لەم سەردەمەدا بڵاوبوونەتەوە، بەپێی ساڵی ڕوودانی تاعونەکە و چۆنیەتی ڕوودان و گرنگترین ئەو شوێن و ناوچانەی کە پەتای تاعونیان تێدا بڵاو بووەتەوە، جگە لەمە پێناسەی جۆراوجۆرەکانی تاعون لەخۆدەگرێت لەگەڵ کورتەیەک لە مێژووی بڵاوبوونەوەی پەتای تاعون.

لە ئەنجامدا، بەڕوونی دەردەکەوێت، کە زۆربەی پەتاکان لە شوێنی تر بۆی گوازراونەتەوە و بڵاوبوونەوەی پەتای تاعون وێڕای مردنی بە کۆمەڵی خەڵک گرانی و برسیەتی بە دوای خۆی داهێناوە، ئەمەش هۆکارێک بووە، زیاتر هێزە باڵادەستەکانی ئەو سەردەمە زیاتر دەسەلاتیان بەسەر ناوچە کوردییەکان بسەپێنن.

**ووشەی کلیکی:** تاعون، پەتا، ناوچە کوردییەکان

## پێشەکی

ناوچە کوردییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەگەڵ بارودۆخی ناهەمواری سیاسی ڕووبەڕووی چەندین کارەساتی سروشتی و تەنگژەی تەندروستی بوونەتەوە، لە گرنگترین ئەم تەنگژە تەندروستیانە، بڵاوبوونەوەی پەتای تاعونە. جیا لە ماوەکانی تری مێژووی کوردستان، لە ماوەی توێژینەوەکەدا هیچ توێژەرێک باسی ئەم تەنگژە تەندروستییەی نەکردوە. دەکرێت لەبەر کەمی سەرچاوە بێت لەبارەی ئەم بابەتە لەو ماوەیەدا. هەربۆیە زیاتر باسی لایەنی سیاسی مێژووی کوردستانیان کردوە، نەپرژاونتە سەر لایەنی کۆمەلایەتی و لایەنەکانی تر، بۆیە بە گرنگم زانی ئەم بۆشاییە مێژووییەی کوردستان پڕبکەمەوە، بەباسکردنی پەتای تاعون لە کوردستان لە نێوان سالانی (٨٠٠ – ٩٢٠ ک / ١٣٩٧ – ١٥١٤ ز) بە دیارکردنی سات و شوێنی بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایە، کەوا گرنگیەکی زۆری بۆ مێژووی کورد هەیە.

## کێشەی توێژینەوەکە

زۆر لەو پەتایانەی لە سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ کراوە، لە ناوچەکانی دەوروبەر بڵاوبوونەتەوە، ناوی ناوچە کوردییەکانیان زۆر بە کەمی بردوە، کەچی گومانی تێدا نیە زۆربەیان پەڕیونەتەوە بۆ ناوچە کوردییەکانیش، بەلام لەبەرئەوەی کورد مێژوونوسی ناوچەیی خۆی نەبووە، یان مێژوونوسانی بیانی هەواڵی ناوچە کوردییەکانیان بەباشی پێنەگەیشتوە یاخود لەبەر هەر هۆکارێکی تر بێت، دیارکردنی بێبەش نەبوونی ناوچە کوردییەکان لەم نەهامەتیانە، کێشەی توێژینەوەکەیە.

## پرسیاری توێژینەوە

ئایا ناوچە کوردییەکانیش لەم ماوەیەدا دووچاری تاعونە یەک لەدوای یەکەکان بوونەتەوە و زۆربەی دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان بەهۆی ئەم نەهامەتیە لەناوچوون؟

## ناوەڕۆکی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە، جگە لە پوختە و پێشـەکی پێکدێت لە پێناسـەی پەتای تاعون، کە تیایدا باس لە پێناســـە جۆراوجۆرەکانی مێژوونوســـەکان کراوە لەبارەی تاعون و پێناســـەی تاعون بەپێی تەندروسـتی جیهانی، لەگەڵ تیشـک خسـتنە سـەر باسـی بڵاوبوونەوەی پەتای تاعون لە ناوچە کوردنشـینەکان و دیارکردنی سـات و شـوێنەکانی بڵاوبوونەوە تاعون لەگەڵ زیانە مرۆییەکانی، هەروەها باس لە چارەســـەری و ئەو ڕێگایانەی دەکات، کە بۆ خۆپاراســـتن لە پەتای تاعون بەکارهاتوون.

### ١- پێناسەی تاعون

پێش ئەوەی تاعون بناسێنین دەبێت نەخۆشی بە شێوەیەکی گشتی بناسین، چونکە تاعونیش نەخۆشیەکە دووچاری مرۆڤ دەبێت، هەر پێکانێک لە جەستەی مرۆڤ ببێتە هۆی نادروستی و شـلەژانی کارەکانی ئەندامێکی مرۆڤ پێی دەڵێن نەخۆشـی، جا نەخۆشـیەکە گوازراوە بێت یان گوازراوە نەبێت (الحمري، ٢٠٢٠، ص٧).

بەردەوام بوونی نەخۆشـــیە گوازراوەکان لە ئەنجامی تووشـــبوونی مرۆڤ بە بوونەوەرێکی زیندو ڕوودەدات، ئەم بوونەوەرانەش یان بەکتریایە یان ڤایرۆســـە، چونکە ســـروشـــتی ئەم بوونەوەرانە وایە، لە پێنـاو مـانەوەی جۆرەکـانی خۆیـان هەوڵی زۆربوون دەدەن، بۆ ئەم مەبەســـتە، جەســـتەی مرۆڤ یان گیانلەبەرێکی تر دەکاتە پەناگەی خۆی و دەبێتە ژەهر یاخود شتی زیانبەخش، لە ئەنجامدا، نەخۆش بوون لە مرۆڤەکە یان گیانلەبەرەکە ڕوودەدات. زۆر جار دەبێتە هۆی مردنی بوونەوەرە زیانبەخشـــەکە، چ بەکتریا یان ڤایرۆســـەکەش لەگەڵیان دەمرێت، یاخود بەرگری جەستەی دەبێتە هۆی لەناوبردنی بەکتریایەکە یان ڤایرۆسەکە و لە نەخۆشیەکە

چاک دەبێتەوە (شلدون واتس، ٢٠١٠، ص٩-١٠) ئەگەر نەخۆشیەکە گوازراوە بوو و بە خێرایی بڵاوبووەوە فراوان بوو لەناو کۆمەڵگا، ئەوا پێی دەگوترێت پەتا (الحمري،٢٠٢٠، ص٧).

کەواتە، پەتا بە هەموو نەخۆشـــیەکی گشـــتی دەگوترێت، کە لەناکاو و خێرا لە شـــوێنێکی جوگرافی دیاریکراو ڕوودەدات و ڕێژەی تووشـبوونی لە سـەرووی ڕێژەی ئاسـایی بێت (عطاء الله، ٢٠٢٠، ص ١٣٨) و پەتاش جیاوازە لەگەڵ تاعون، پەتا نەخۆشیەکی گشتییە لەوانەیە تاعون بێت لەوانەشە نەخۆشیەکی تر بێت، چونکە هەموو پەتایەک تاعون نیە، بەڵام هەموو تاعونێک بە پەتا دادەنرێت (الســیوطي، ١٤٥٠، ص٦-٧)، کەواتە، تاعون جۆرێکە لە جۆرەکانی پەتا، هەندێک جاریش ناوی تاعون وەک ئاماژەیەک بۆ پەتا بەکارهێنراوە (الحمري،٢٠٢٠، ص٧).

تاعون پێناســـەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، (مزدور ســـمیة) دەڵێت: تاعون نەخۆشـــیەکی بەکتریایی گوازراوەیە هاوبەشە لە نێوان مرۆڤ و گیانلەبەران (مزدور سمیة، ٢٠٠٩، ص٢١)، و (محمد حمزة) دەڵێت: تاعون نەخۆشـــیەکی گوازراوەیە تووشـــی مرۆڤ و گیانلەبەر دەبێت بە هۆی میکرۆبێک (جرثومة) ئەم میکرۆبەش لە گیانلەبەرە قرتێنەرەکان و کێچەکاندا[1]هەیە( ٢٠٠٩، ص٢١)، (ابن حجر العسـقلاني) دەڵێت: تاعون نەخۆشـیەکی پەتاییە تووشـی مشـکەکان دەبێت و کێچەکانیش نەخۆشـیەکە دەگوازنەوە لە نێوان مشـکەکان و دەشـیگوازنەوە بۆ مرۆڤ (٢٠٠٥، ص٢٢). (أبن خاتمە)[2] دەڵێت: تاعون نەخۆشـیەکی گشـتییە دووچاری ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک دەبێتەوە و لە شـــوێنێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ شـــوێنێکی تر، هۆکارەکەی پیســـبوونی هەوایە بە هۆی بەکتریا یان ڤایرۆس (المحلاوي، ٢٠٢٠،ص٤٧).

دوای ئەوەی ئەو میکرۆبە[3] دۆزرایەوە، کە دەبێتە هۆی نەخۆشـــی تاعون، پێناســـەکانی ئەم پەتایە ڕوونتر بوون، کەوا پەتای تاعون نەخۆشـــیەکی گوازراوەیە بە هۆی جۆر بەکتریایەک دروســـت دەبێت بە یرســـینیا ناســـراوە. لە بنەڕەتدا تووشـــی گیانلەبەرە قرتێنەرەکان دەبێت بە

تایبەتی مشک و جورجەکان، لە ڕێگای کێچەکان دەگوازرێنەوە بۆ مرۆڤ. ئەم کێچەی هەڵگری ئەم بەکتریایە بە پێوەدان یاخود بە بەرکەوتنی بە جەستەی مرۆڤ بەکتریایەکە دەگوازێتەوە بۆ مرۆڤ، هەروەها بەهۆی هەناسەدانی کەسی تووش بوو بۆ مرۆڤەکانی تر دەگوازرێتەوە، بڕوانە: (الحمري،٢٠٢٠، ص٦؛ عطاء الله، ٢٠٢٠، ص ١٣٧؛ زاهد، د.ت، ص١٠٤).

کەواتە، تاعون لە بنەڕەتدا نەخۆشی مشکەکانە. کاتێک مشکێک بەهۆی ئەم نەخۆشیە دەمرێت، ئەوا کێچەکان دەچنە سەری، کە مشکێکی تری مردوویان دەستناکەوێت بۆ لای مرۆڤ دێن، بەکتریاکە بۆ مرۆڤەکە دەگوازنەوە، دوای چوار تاوەکو شەش ڕۆژ مرۆڤە تووشبووەکە نیشانەکانی تاعونی لێ بە دەردەکەوێت. بڕوانە (العسقلاني، ٢٠٠٥، ص٢٤؛ السيوطي، د.ت، مقدمة المحقق، ص٨-٩؛ جوزيف بيرن، ٢٠١٤، ص٢٢).

تایبەتمەندی ئەم بەکتریایە، لە ٢٨ پلەی گەرمی بەخێرایی گەشەدەکات، بۆیە بە زۆری لە وەرزی پاییز دەردەکەوێت، لە هاویندا پلەی گەرما زۆر بەرزە، بەکتریایەکە دەکوژێت. بەڵام لە ناوچە ساردەکان، کە وەرزی هاوین پلەی گەرمی مامناوەندە، ئەم میکرۆبە لە وەرزی هاوین گەشەدەکات (السيوطي، د.ت، مقدمة المحقق، ص٣٢)، کێچەکان، کە ئەم بەکتریایە دەگوازنەوە، لە وەرزی بەهار و پاییز بە گەشەکردنی خۆیان خەریکن، چونکە وەرزی گەشەی زیندەوەرەکانە، بۆیە بڵاوبوونەوەی تاعون بە زۆری لە وەرزی زستان و هاویندایە، هەردەم یەکەم قوربانی تاعونیش ئاشەوانەکان و نانەواکان بوونە، بەهۆی سروشتی کارەکەیان مشک لەلایان زیاترە (شلدون واتس، ٢٠١٠، ص٧٣- ٧٥).

### ٢- پەتای تاعون لە ناوچە کوردییەکان

ناوچە کوردنشینەکان لە ماوەی ئەو ساڵانەی لە توێژینەوەکە هاتوە، وەکو بەشێکی دانەبڕاوی جیهانی ئەو کاتە، چەندین پەتای جۆری تاعونی بە خۆیەوە بینیوە، کە بووەتە هۆی ئەوەی خەڵک

تووشی تەنگژەی گەورەی تەندروستی ببێتەوە و ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان لەناو بچێت. هەرچەندە کورد بۆ خۆی مێژووی خۆی تۆمارنەکردوە، مێژوونوسانی تریش جگە لەوەی زیاتر گرنگیان بە ڕووداوە سیاسییەکانی نێوان دەسەڵاتدارەکانی ئەو سەردەمە داوە، نەپرژاونەتە سەر باسکردنی ڕووداوی سروشتی و تەنگژەکان. بۆیە لە ڕووداوە سروشتی و تەنگژە تەندروستیەکان قووڵنەبوونەتەوە، تەنیا بە کورتی ئاماژەیان پێکردوە، لە دەستکەوتنی زانیاری مێژووی تەوەرەکانی دیکەش هەمان کێشە بەرەوە ڕووی توێژەران دەبیتەوە. بەهەڵێنجانی زانیاریەکان لە نێوان دێرەکانی مێژوونوسەکان، پەتای تاعون بەپێی زنجیرەی مێژووی یەک لەدوای یەک ئاماژەیان بۆ کراوە، لەوانە لە ساڵی (٨٠٠ک/١٣٩٧ز) تاعون چەند ناوچەیەکی کوردنشینی گرتووەتەوە، وەکو ئورفا و عینتاب و حەڕان لەگەڵ تەواوی وڵاتی شام (المقريزي، ١٩٩٧، ج٥، ص٢٧؛ غوانمة، ١٩٨٣، ص٧٥)، بەڵام سەرچاوەکان باس لە ژمارە و ڕێژەی قوربانیانی ئەم پەتایە ناکەن، (ابن حجر العسقلاني) ئاماژە بە پەتایەکی تر دەکات، کە لە مانگی صەفەری (٨٠٢ک/١٣٩٩ز) هاتوە لە وڵاتی شام، کە تەنیا نیو ساڵی خایاندوە، ئەم پەتایە سکچوونی لەگەڵ دابووە، کۆمەڵێک لە دانیشتوان بە هۆی ئەمەوە کۆچی دواییانکردوە. دەکرێت ناوچە کوردییەکانی وڵاتی شامیشی گرتبێتەوە (١٩٦٩، ج٢، ص٩٩).

لە ساڵی (٨٠٥ک/١٤٠٢ز) تاعون لە وڵاتی شام سەری هەڵداوە ئورفا و عینتابیشی گرتەوە، ژمارەیەکی زۆری خەڵک بەم پەتایە مردن، زۆر لە مردوەکان کەس نەبوو ژێر گڵیان بکات و بیاننێژێت (الدويهي، د.ت، ص٣٣٨؛ الطراونة، ٢٠١٠، ص٤٨)، و لە ساڵی (٨١٠ک/١٤٠٧ز) تاعون شاری موسڵ و شارەزوور و ناوچەکانی دەوروبەری موسڵ تاوەکو بەغداشی گرتەوە. کەواتە، لە دەوروبەری موسڵ تاکو شارەزوور چەندین شار و دێهاتی تر هەن، کە پەتایان تێدا بڵاوبووتەوە، بە هەمان شێوە لە موسڵ تاوەکو دەگاتە بەغدا چەندین ناوچەی کوردی تر هەن،

کەوا ئەم تاعونەیان تێدا بڵاوبووەتەوە، ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە دانیشتوان، بەم پەتایە مردن کە بەژماردن نەدەهاتن (یاسین العمري، ٢٠١٧، ص٤٤؛ علي، ١٩٩٢، ج٢، ص٢٦٦؛ العدول، ٢٠٠٦، ص٦).

هەروەها لە ساڵی (٨١٢ک/١٤٠٩ز) تاعونێکی زۆر توند هەموو وڵاتی شامی گرتەوە و تاکو ساڵی (٨١٤ک/١٤١١ز) بەردەوام بوو، واتا سێ ساڵی خایاندوە (العسقلاني،١٩٦٩،ج٢،ص٤٣٠؛ المقريزي،١٩٩٧،ج٦،ص٢٣٠؛ السخاوي، ١٩٩٥، ج٢، ص٤٠٧؛ الطراونة، ٢٠١٠، ص٤٩؛ الشوامرة، ٢٠١٢، ص٣٨؛ السيد الصومالي، ٢٠٢٠، ص١٩)، بێگومان پەتایەک ماوەی سێ ساڵ درێژەی کێشا بێت و وڵاتی شامیشی بەگشتی گرتبێتەوە، ناوچە کوردییەکانی وڵاتی شامیشی گرتوەتەوە، هەر وەک (فيصل عبدالله بني حمد) ئاماژەی پێ دەکات، کەوا لەم ساڵە تاعون لەحران هات (٢٠٠٨، ص٥٤). حران شارێکە سەر بە پارێزگای ئورفایە، کەواتە، بە دڵنیاییەوە شارەکانی تریش وەکو ئورفا، عینتاب، مەرعەش، ڕووها، سمیسات و مەنبەجی گرتوەتەوە، لەوانەیە شار و دێهاتی تریشی گرتبێتەوە، (احمد بن حجی) دەڵێت: ئەم تاعونەی لە وڵاتی شام لە ساڵی (٨١٣ک/١٤١٠ز) سەریهەڵدا عێراقیشی گرتەوە. کەواتە، دەبێت بە ڕێگای باکوری عێراقەوە گوازرابێتەوە. بەم پێیە موسڵ و سەنجار و ناوچەکانی دەوروبەری موسڵیشی گرتوەتەوە (٢٠٠٣، ج٢، ص٩٥٦) و خەڵکێکی زۆر بەم تاعونە مردن و زۆر لە گوندەکان بەچۆڵی مانەوە، تاوەکو دانەوێڵە کاتی دروێنەی هاتبوو کەس نەبوو بیدرووێتەوە (السخاوي، ١٩٩٥، ج٢، ص٤٠٧؛ محمد حمزة، ٢٠٠٩، ص١٢٧)، لەبەرئەوەی ئەم تاعونە بەرفراوان و گشتی بوو میسریشی گرتبووە، خەڵکێکی زۆر بە ناوچە کوردییەکانیشەوە لە ناوچە جیاجیاکان بوونە قوربانی ئەم پەتایە، لە دیمەشق پێنج هەزار کەس مرد، لە (بيت المقدس) چوارسەد کەس مردن لەناویاندا پیاوی ئایینیەکانی تریش هەبوو، وەکو قس عودەی سریانی (ابن العبري، ٢٠٠٧، ص٢٤٣). (ابن حجي) دەڵێت: لە عێراق، بەڵام

شوێنەکەی دیار نەکردوە، کەسێک بەناوی (ابن عبدالسلام يقاعى) ناسرابوو، لە کاتی پێش نوێژکردن بۆ خەڵک بە تاعون مرد، کە چەند ڕۆژێکیش پێش خۆی خوشکەکەی بە تاعون مردبوو، دەڵێت: ئەم پەتایە لە هەر ماڵێک میوان بایە کۆمەڵێک کەسی دەکوشت و لەگەڵ خۆی دەبردن (٢٠٠٣، ج٢، ص٩٦٨).

هەروەها لە ساڵی (٨١٩ک/١٤١٦ز) پەتای تاعون لە شارەزوور، هەولێر، موسڵ، سنجار و جەزیرەوە وڵاتی فارس بڵاوبووەتەوە، و ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان بە هۆیەوە گیانیان لەدەستداوە، لەگەڵ ئەوەی زۆر شوێن چۆڵکراوە بەهۆی ئەم تاعونە، بەڵام ئاماژەیان بە شوێنەکان نەکردوە (الورد، ١٩٨٩،ص١٦٦؛ علي، ١٩٩٢، ج٢، ص٢٦٦؛ العزاوي، ٢٠٠٤، ج٣، ص٤٥؛ العدول، ٢٠٠٦، ص٦). لەهەمانکاتدا نوسەر (William Clowes) ئاماژە بەوە دەکات لە ساڵی (٨١٩ک/١٤١٦ز) تاعون لە شاری ئەرزنجان بڵاوبووەتەوە لەگەڵ چەند شارێکی تری ئەرمینیا، بەم هۆیەوە ژمارەیەکی زۆری لە دانیشتوانەکەی گیانیان لەدەستداوە (1969. P138) .

کەواتە، ئەم تاعونە لە وڵاتی فارس و ئەرزنجان بڵاوبووەتەوە، دەکرێت، سەرەتا لە ئەرزنجانەوە گوازرابێتەوە بۆ ئازەربایجان و وڵاتی فارس. بەم پێیە، جگە لە ئەرزنجان ئەو ناوچە کوردییانەی کەوتوونەتە نێوان ئەم دوو شوێنە تاعونیان تێدا بڵاوبویتەوە، بە دڵنیاییەوە شارەکانی ئۆنگول و بینگۆل و موش و بەتلیس و سیرتی گرتوەتەوە. کەواتە، بەپێی دەقی مێژوونوسان، کە تاعونێکی گشتی بووە و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای گرتوەتەوە، ئاماژە بە ڕوودانی تاعون لە شوێنە لێک دوورەکانی کوردستان لە موسڵ و جەزیرە و ئەرزنجان دەدەن. ئەم تاعونە هەموو ناوچە کوردییەکانی بەگشتی گرتوەتەوە، ژمارەی قوربانیانی ئەم تاعونە بە شێوەیەکی گشتی دیارینەکراوە، دەکرێت هۆکارەکەی بەربڵاوی سنووری جوگرافی بێت، بەڵام مێژوونوسان چەند ژمارەیەک دیاردەکەن (ابن العماد) دەڵێت: لە مانگێک سێ هەزار کەس دەمردن، زۆر لە

شارەکان بەهۆی ئەم تاعونە چۆڵکرابوون (١٩٩٨، ج٩، ص١٩٨)، مەقریزی دەڵێت: هەموو کۆڵانەکان چۆڵ بووبوون بەهۆی تاعون، زۆر بە کەمی کەسێکت ئەدۆزیەوە هاتووچۆ بکات، خەڵک یان لەسەر مردوەکەیان دەگریان یان سەرقاڵی نەخۆشەکەیان بوون (١٩٩٧، ج٦، ص٤١٠)، صەرفی دەڵێت: لە وڵاتی شام بەگشتی ٣٦ هەزار کەس مرد و شوێن هەبوو چۆڵ بوو لە خەڵک (٢٠١٠، ج٢، ص٣٦٩)، (ابن شاهین) دەڵێت: هەر کەسێک تووشی ئەم تاعونە بووبا بەخێرایی دەمرد تاوەکو خەڵک وا بیری دەکردەوە کە لە کۆتایی هەموویان بەم پەتایە دەمرن و شاری ئەسفەهانیش چۆڵ کرابوو (٢٠٠٢، ج٣، ص٣٠١). هەر بە هۆی ئەم تاعونە لە ساڵی (٨٢٠ک/ ١٤١٧ز) کوڕی سوڵتان بایزیدی عوسمانی کە لەگەڵ باوکی دابوو، لە قوستنتنیە مرد .Cengiz) (2020 .P510. کەواتە، ئەم تاعونە تاوەکو ساڵی (٨٢٠ک/ ١٤١٧ز)یش هەر مابووە (الشوامرة، ٢٠١٢، ص١٩٨).

زۆربەی پەتاکانی تاعون زیاتر لە ساڵێکیان دەخایاند، هەربۆیە زۆرجار مێژوونوسەکان لە ساڵی جیاواز ئاماژەیان بە ڕوودانی کردوە، زیاتر لە ساڵی دووەمی تاعون یاخود ساڵی سێیەم تاعونەکەیان ئاماژە پێداوە، یان پەتایەکە ماوەیەکی درێژی پێچوە، تاوەکو گەیشتۆتە هەندێک شوێن، جا ماوەکە ساڵێک یان دوو ساڵ یانیش زیاترە. هەروەک لەو پەتایانەی کە ئاماژەیان پێدرا بەدیاردەکەوێت، هەروەها لە پەتاکانی دواتریش بە هەمان شێوە، کە دەبینین سەخاوی باس لە تاعونێک دەکات لە حەلەبەوە لە ساڵی (٨٢٥ک/١٤٢١ز) هاتوە، کە ٧٠ هەزار کەس بوونەتە قوربانی و خەڵکێکی زۆریش ناوچەکانی خۆی جێهێشتوە (السخاوي، ١٩٩٢، ج٣، ص٥٢٧). محەممەد حەمزەش ئەم ڕاستیە دووپاتدەکاتەوە، دەڵێت: لەم ساڵە تاعون حەلەب و حمات و حمصی گرتەوە (٢٠٠٩، ص١٢٨)، دواتر سەخاوی دووبارە دەڵێت: لە ساڵی (٨٢٦ک/١٤٢٢ز) تاعون لە وڵاتی شام هات، تاوەکو دومیاتیشی گرتەوە (السخاوي، ١٩٩٢، ج٣، ص٥٣١؛ السخاوي،

١٩٩٥، ج٢، ص٤٧٥)، کەواتە، هەر هەمان تاعونی پێشترە زیاتر بڵاوبووەتەوە و شوێنی فراوانتری گرتوەتەوە، زۆربەی مێژوونوسان دەڵێن: ئەم پەتایە لە ساڵی (٨٢٦ک/١٤٢٢ز) لە وڵاتی شام سەریهەڵداوە (العسقلاني،١٩٦٩، ج٣، ص٣٠٤؛ السخاوي، ١٩٩٢، ج٣، ص٥٣١؛ ابن العماد، ١٩٩٨، ج٩، ص٢٥١)، هیچ گومانی تێدا نیە، ئەم تاعونە ناوچە کوردییەکانی وڵاتی شامیشی لە عینتاب و مەرعەش و ڕووها گرتوەتەوە، چونکە (William Clowes) ئاماژە بە ناوچەی کوردی دوورتر لە ناوچەکانی وڵاتی شام دەدات و دەڵێت: لە ساڵی (٨٢٦ک/١٤٢٢ز) تاعون هەموو ئەو شوێنانەی گرتەوە، کە لە دەوروبەری دەریاچەی وان بوون و بۆ ماوەی دوو ساڵی خایاند، کە چەندین خێزان بە هۆیەوە لەناوچوون، چەندین باوک بێ منداڵ ماوە و چەندین منداڵیش بێ باوک مانەوە(1969. P188)، چونکە ئەم پەتایە بەتاعونی لاوەکان ناسرا بوو، لەبەرئەوەی زۆربەی ئەوانەی پێی دەمردن لاوەکان بوون دواتر ژمارەی مردوەکان زیادی کرد، جگە لە لاوەکان منداڵەکانیش زۆر پێ مردن(الطراونة، ٢٠١٠، ص٤٥). هەندێک مێژوونوس ئاماژە بەتاعون دەدەن لە ساڵی (٨٢٨ک/١٤٢٤ز) لە دیاربەکر، جەزیرە، نوصیبین، هەکاری، ماردین، موسڵ، شارەزوور، هەولێر، کەرکوک و ئامێدی هاتوە (یاسین العمري، ٢٠١٧، ص٤٢؛ علي، ١٩٩٢، ج٢، ص٢٦٦؛ العزاوي، ٢٠٠٤، ج٣، ص٤٥؛ العدول، ٢٠٠٦، ص٦). کەواتە، هەر هەمان تاعونە لەم ماوەیە و لەو ناوچانە کاریگەری زۆر بووە، چونکە جۆزیف بیرن دەڵێت: پەتایەکی گشتی لە ساڵی (٨٢٦ک/١٤٢٢ز) سەریهەڵدا لە ئیتاڵیا، فلاندەر و پۆرتوگال تاوەکو ساڵی (٨٢٨ک/١٤٢٤ز) بەردەوام بوو (٢٠١٤، ص١١). کەواتە، بۆمان دەردەکەوێت ئەم پەتایە لە ڕێگای دەریاوە گوازراوەتەوە بۆ وڵاتی شام، لەوێشەوە بەرەو ڕۆژهەڵات چوە لە ناوچە کوردنشینەکان بڵاوبووەتەوە و ژمارەیەکی زۆری خەڵک بەم تاعونە مردوون، تەنیا لە وڵاتی شام زیاتر لە٥٠ هەزار کەس دەبوو (العسقلاني، ١٩٦٩، ج٣، ص٣٠٤؛ ابن العماد، ١٩٩٨، ج٩، ص٢٥١)، لەناو قوربانییەکان خەڵکانێک هەبوون لەسەر ئایینی مەسیحی بوون، کە ژمارەیان پێنج سەد کەس

دەبوو، لەناویاندا قس ئەشعیا ملغان سبیرینا و پێنج کاهینی تر و بیست و چوار ڕاهیب بوون (ابن العبري، ٢٠٠٧، ص٢٤٤)، بەڵام سەرچاوەکان ژمارەی قوربانیانی ناوچە کوردییەکانیان بە تەنیا دیارینەکردوە، لەوانەیە هۆکارەکەی دابەش بوونی ناوچەکان بێت لە نێوان هێزە دەسەڵاتدارەکانی ئەو سەردەمە.

جارێکی تر لە ساڵی (٨٣٣ک/١٤٢٩ز) تاعونێکی بەرفراوان و گشتی بڵاوبووە و کوردستانیشی گرتەوە، ئەم پەتایە لە میسر سەرەتا لە ساڵی (٨٣١ک/١٤٢٧ز) سەریهەڵداوە، بەڵام لە ساڵی (٨٣٣ک/١٤٢٩ز) زۆر توند بووە، بۆیە بە پەتای ساڵی (٨٣٣ک/١٤٢٩ز) ناسراوە (محمد حمزة، ٢٠٠٩، ص١٢٨؛ الطراونة، ٢٠١٠، ص٥٠؛ بني حمد، ٢٠٠٨، ص٧٤)، (الربیعی) دەڵێت: ئەم تاعونە لە ساڵی (٨٣٣ک/١٤٢٩ز) لە شام و وڵاتی ڕۆم بڵاوبووەوە زۆر توند بوو (٢٠١٦، ص٥٦٩)، (السید الصومالی) دەڵێت: ئەم تاعونە لە میسر و شام تاوەکو دەگاتە بۆرسە لە وڵاتی ڕۆم بڵاوبووەوە (٢٠٢٠، ص٢٠)، و(GISELE MARIEN) دەڵێت: ئەم تاعونە هەموو ئەنادۆڵی گرتەوە، کاتێک عوسمانییەکان لە ساڵی (٨٣٥ک/١٤٣١ز) دەستیان بەسەر قەڵای باتراس لە خاکی بیزەنتیدا گرت، ئەم پەتایەیان لەگەڵ خۆیان گواستەوە بۆ ئەوێ «٢٠٠٩P58 .، و لە پەرتووکی (حولیات دمشقیه) هاتوە، ئەم پەتایە لە ساڵی (٨٣٤ک/١٤٣٠ز) هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی گرتەوە لە موسڵ تاوەکو ئۆزبەک (مجهول، ١٩٦٨، ص٦) (ئۆزبەک دەکەوێتە وڵاتی ئەو دیوی ڕووبار). کەواتە، بەپێی ئاماژەی ئەم مێژوونوسانە ئەم پەتایە هەموو کوردستانی بەگشتی گرتوەتەوە، هەروەک سەخاویش ئاماژە بە چەند ناوچەیەکی کوردی دەدات و دەڵێت: ئەم پەتایە لە ساڵی (٨٣٤ک/١٤٣٠ز) لە عێراق و جەزیرە و دیاربەکر بڵاوبووەتەوە (السخاوي، ١٩٩٢، ج٣، ص٥٧٤)، (عباس العزاوی)یش دەڵێت: ئەم پەتایە لە ساڵی (٨٣٤ک/١٤٣٠ز) لە عێراق، جەزیرە، دیاربەکر،

هەمەدان، شەهرەزوور، ماردین و زۆر شوێنی تر بڵاوبووەتەوە (٢٠٠٤، ج٣، ص٨٣)، مەبەست شوێنی تر ناوچەکانی تری کوردستانیش دەگرێتەوە.

تایبەتمەندی ئەم تاعونە ئەوە بوو لە وەرزی زستان سەریهەڵدا، لە وەرزی بەهار زیاتر بەرز بووەوە (السخاوي، ١٩٩٢، ج٢، ص٥٧٠؛ السيد الصومالي، ٢٠٢٠، ص٢١؛ الشوامرة، ٢٠١٢، ص٣٨) و خەڵک باوەڕیان نەبوو لەم وەرزەدا پەتا بێت، چونکە زۆربەی پەتاکانی تر لە وەرزی بەهار سەریانهەڵدەدا لە وەرزی هاوین بەرز دەبووەوە (الشوامرة، ٢٠١٢، ص٣٨)، زۆربەی ئەوانەی تووشی ئەم پەتایە دەبوون گەنج و منداڵ بوون، نیشانەکانی ئەم پەتایە بە سەرما بوون (نزلات) لە سەر و مێشکی مرۆڤ دەستی پێ دەکرد و دەگوازرایەوە بۆ سینگی و پاش کاتژمێرێک لە تووش بوون کەسەکە دەمرد، بێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی پێشتر لەسەر جەستەی بەدیاربکەوێت، ئەو کەسەی دەمرد، زۆر بە خێرای بۆن دەکەوتە لاشەیەوە (الطراونة، ٢٠١٠، ص٢١)، پێش مردنی بێهۆش دەبوو، دەچوە بارودۆخی بێئاگایی (غيبوبة) نەیدەزانی چی لە دەور و پشتی دەگوزەرێت تاوەکو دەمرد (الشوامرة، ٢٠١٢، ص٣٨)، لەبەر زۆری ڕێژەی مردن، خەڵک دارەبازی بەدەست نەدەکەوت لەسەر تەختە و قەفەسی داری جەنازەکانیان دەگواستەوە بۆ گۆڕستان، ئەوانەی گۆڕیان هەڵدەکەند بە درێژایی شەو هەر خەریکی هەڵکەندنی گۆڕ بوون، چەندین گۆڕیان ئامادەدەکرد بۆ بەیانی، زۆرجار زیاتر لە مردوویەکیان لە یەک گۆڕ دەنا. خەڵک بە شەو خەریکی گەڕان بوون بە دوای مردوو شۆرەکان، ئەمانیش هۆکارێک بوون بۆ بڵاوبوونەوەی زیاتری پەتاکە، بۆیە خەڵکێکی زۆر بوونە قوربانی ئەم پەتایە و قوبانییەکانی لە ژماردن نەدەهات. لە هەندێک شار زیاتر لە هەزار کەس لە ڕۆژێکدا دەمردن، لە هەندێک شاری تر زیاتر لە شەست کەس دەمردن (السيد الصومالي، ٢٠٢٠، ص٢٢)، ئەم پەتایە جگە لە مرۆڤ گیانلەبەرەکانیشی گرتبووەوە (الربيعي، ٢٠١٦، ص٥٦٩).

لەبەرئەوەی خاکی ناوچە کوردییەکان لە لایەک چەقی ململانێی هێزە باڵادەستەکانی ئەو سەردەمە بوو، لە لایەکی تر وەک پردی گواستنەوە بوو لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکور و باشور، بۆیە زۆربەی ئەو پەتایانەی لە وڵاتە هاوسێکانی دەوروبەری بڵاودەبووەوە، بۆ کوردستانیش دەگوازرایەوە، بۆیە ئەگەر تێبینی بکەین زۆربەی پەتاکان بۆی گوازرانەتەوە، زۆر بە کەمی کوردستان سەرچاوەی سەرهەڵدانی تاعون بووە، هەر وەک ئەو پەتایەی کە لە ساڵی (٨٣٨ک/١٤٣٤ز) تاوەکو ساڵی (٨٤١ک/١٤٣٧ز) هەموو وڵاتی موسڵمانانی گرتەوە (ابن العماد، ١٩٩٨، ج٩، ص٣٢٨؛ الشوامرة، ٢٠١٢، ص٤٠)، بەڵام ڕوون نیە سەرەتای ئەم پەتایە لە ڕۆژهەڵاتەوە بووە یاخود لە ڕۆژئاوا، چونکە هەندێک لەمێژوونوسان دەڵێن: ئەم پەتایە لە ڕەبیعی یەکەمی ساڵی (٨٣٨ک/١٤٣٤ز) لە ڕۆژهەڵات لە شاری هەرات لە خوراسان و شاری کەرمان لە وڵاتی فارس سەریهەڵداوە (المقريزي، ١٩٩٧، ج٧، ص٢٩٢؛ مجهول، ١٩٦٨، ص١٢٥؛ السيد الصومالي، ٢٠٢٠، ص٢٦)، هەندێکی تر دەڵێن لە ساڵی (٨٣٩ک/١٤٣٥ز) ئەم پەتایە گەیشتە هەرات و کەرمان (العسقلاني، ١٩٦٩، ج٤، ص٢٠؛ ابن شاهين، ٢٠٠٢، ج٤، ص٤٠٨؛ ابن العماد، ١٩٩٨، ج٩، ص٣٣٤)، و مێژوونوسی تورکی(Cengiz) دەڵێت: لە ساڵی (٨٣٨ک/١٤٣٤ز) تاعون لە ئەدرنە بڵاوبووەوە (2020.P516)، (ابن عماد)یش دەڵێت لە ساڵی (٨٣٩ک/١٤٣٥ز) تاعونێکی گەورە لە بۆرسە بڵاوبووەوە، بەڵام تەنیا چوار مانگی خایاند، دواتر هرات و کەرمانی گرتەوە و سنووری بڵاوبوونەوەی فراوان بوو تا گەیشتە وڵاتی یەمەن و وڵاتی بەربەریەکان و حەبەشە (١٩٩٨، ج٩، ص٣٣٤)، بۆیە وا پێشبینی دەکرێت، ئەم پەتایە لە باکوری ڕۆژهەڵاتەوە سەریهەڵدا بێت بۆ شوێنەکانی تر گوازرابێتەوە، چونکە مێژوونوسەکان ئاماژە بەوە دەدەن، کە لە نیوەی زستانی ساڵی (٨٤١ک/١٤٣٧ز) ئەم پەتایە لە وڵاتی شام بڵاوبووەتەوە دواتر میسریشی گرتوەتەوە (العسقلاني، ١٩٦٩، ج٤، ص٧٠؛ ابن العماد، ١٩٩٨، ج٩، ص٣٤٦؛ غوانمة، ١٩٨٣، ص٧٦).

ئەم پەتایە بە ناوچە کوردییەکانەوە گوازراوتەوە بۆ شوێنەکانی تر، کەوا مێژوونوسان ئاماژە بە چەند ناوچەیەکی کوردی دەدەن، کە ئەم پەتایەیان تێدا بڵاوبووەتەوە،(William Clowes ) دەڵێت: لە ساڵی (٨٤٢ک/١٤٣٨ز) تاعونێکی بەرفراوان لە ناوچە کوردییەکان بڵاوبووەوە لە ناوچەی ناسوریک لە باکوری سووریا تاوەکو شاری وان و شاری هایک لە هەرێمی ئەرمینیا بڵاوبووەوە(1969. P188)، هەندێکی تر دەڵێن لە ساڵی (٨٣٨ک/١٤٣٤ز) تاعون لە موسڵ و شارەزوور و هەولێر و کەرکوک بڵاوبووە (یاسین العمري، ٢٠١٣، ص١٦٦؛ العدول، ٢٠٠٦، ص٦)، (غیاثی) دەڵێت: ئەم پەتایە لە ساڵی (٨٤١ک/١٤٣٧ز) گەیشتە بەغدا، ئەسپانی سەرکردەی قەرقۆینلۆکان لە ترسی ئەم پەتایە بە خۆی و سەربازەکانی بەغدادی بە جێهێشت چوە ڕۆستمیە، بەم شێوەیە خۆیان پاراست لەم پەتایە (١٩٧٠، ج٥، ص٢٧٠)، هەندێک مێژوونوسی تر دەڵێن: لە ساڵی (٨٤٠ک/١٤٣٦ز) ئەم پەتایە لە دیاربەکر و ئاماد بڵاوبووەوە و ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان بوونە قوربانی (المقریزي، ١٩٩٧، ج٧، ص٣٣٧؛ الصیرفي، ٢٠١٠، ج٣، ص٣٧٨؛ ابن شاهین، ٢٠٠٢، ج٤، ص٤٠٨)، هەر چەندە مێژوونوسان ئاماژەیان بە هەموو شارەکانی کوردستان نەداوە، بەڵام ئەگەر سەرنجبدەین، ئاماژەیان بە هەموو ناوچەکانی چوار دەوەری کوردستان کردوە، وەک بۆرسە، ئەدرنە، ئەرمینیا، خوراسان، وڵاتی فارس، بەغدا و وڵاتی شام. کەواتە، ئەم پەتایە هەموو ناوچە کوردییەکانی بە شێوەیەکی گشتی گرتوەتەوە.

تایبەتمەندی ئەم تاعونە کەسی تووش بوو، کاتێک تووشی تایەکی زۆر گران دەبوو بۆ ماوەی یەک کاتژمێر گیانی لەدەست دەدا(غوانمة، ١٩٨٣، ص٧٦)، زۆربەی قوربانیانی ئەم پەتایە منداڵ و منداڵی لە دایکبوو بوون دواتر گەورەکانیشی گرتەوە (الطراونة، ٢٠١٠، ص٥٠؛ WILLIAM CLOWES.1969. P188)، لە سەرەتای ئەم پەتایە ڕۆژانە بیست کەس گیانیان لەدەست دەدا، دواتر زیاد بوو بۆ هەشتا کەس، پاشان بووە سەد کەس و زیاتری کرد تا وای لێ هات ڕۆژانە

دووسەد کەس لە شارێک دەبوونە قوربانی ئەم پەتایە (العسقلاني، ١٩٦٩، ج٤، ص٧٠)، ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان گیانیان لەدەستدا کە لە ژماردن نەدەهات، (الورد) دەڵێت: لە بەغدا زۆربەی خێزانەکان بەتەواوی لەناوچوون (١٩٨٩، ص١٦٩) هەروەها زۆر لە گیانلەبەرانیش بەم تاعونە مردن (الحزوري، ٢٠٢١، ص١٧٢)، لەبەر زۆری ژمارەی قوربانیان مێژوونوسان نەیانتوانیوە ژمارەی مردوەکان دیاربکەن، ئەوەی شایەنی باس بێت، عەلائەدین کوڕە گەورەکەی سوڵتان مورادی عوسمانی، یەکێک بوو لە قوربانیانی ئەم پەتایە لە ئەدرنە(Cengiz. 2020.P516) .

لە ساڵی (٨٥٣ک/١٤٤٩ز) تاعون ڕووها و حەڕان و مەنبج و وڵاتی شامی گرتەوە (الشوامرة، ٢٠١٢، ص٤٠)، سەرچاوەکان زۆر باسی ئەم تاعونە ناکەن، دەکرێت هۆکارەکەی ماوە کورتی بێت یا کەمی ژمارەی قوربانیەکان بێت، و تووشبووانی ئەم پەتایە جەستەیان هەل دەئاوسا دواتر دەمردن (ابن العبري، ٢٠٠٧، ص٢٤٦).

هەروەها لە ساڵی (٨٦٠ک/١٤٥٥ز) تاعونێکی گەورە لە کوردستان بڵاوبووەوە (یاسین العمري، ٢٠١٣، ص١٦٦)، بەڵام مێژوونوسەکان سەرچاوەی ئەم پەتایەیان دیارینەکردوە، کە هەر لەناو خاکی کوردی سەریهەڵداوە یاخود لە شوێنی تر بۆی گوازراوەتەوە، دەکرێت ئەم پەتایە لە ڕۆژهەڵاتەوە گوازرابێتەوە، چونکە سەرچاوە ئیسلامییەکان باسی وڵاتی شامیان نەکردوە، لەم کاتە تاعونی گرتبێتەوە، (سلیمان الدخیل) دەڵێت: لە ساڵی (٨٥٩ک/١٤٥٤ز) لە بەغدا خەڵک هەواڵی بڵاوبوونەوەی تاعونیان لە چەند شوێنێک بیستبوو، بۆیە لە مەترسی بڵاوبوونەوەی تاعون دەژیان، لەو باوەڕە بوون بیانەوێت یان نەیانەوێت ئەم پەتایەیان هەر پێ دەگات، بەڵام ئەم تاعونە نەگەیشتە بەغدا (٢٠٠٣، ص٢٦٦)، بەڵکو لە ساڵی (٨٥٩ک/١٤٥٤ز) تاعون گەیشتە بۆتان لە ناوچەی جەزیرە (ابن العبري، ٢٠٠٧، ص٢٤٩)، بۆ ساڵی دواتر گەیشتە کوردستان، لەبەرئەوەی بڕیاریاندا ڕێگاکانی بەغدا دابخەن، چونکە ئەگەر ڕێگاکان دابخەن ئەستەمە ئەم پەتایەیان بۆ

بگوازرێتەوە. بەهۆی تاعونەوە کەس نەیدەتوانی بێتە بەغدا (الدخیل، ٢٠٠٣، ص٢٦٦)، هەرچەندە سەرچاوەکان ئاماژە بە هەموو ناوچە کوردییەکانیان نەداوە، ئەم پەتایەیان گرتبێتەوە، زۆربەیان ئاماژە بە جەزیرەوە دیاربەکر و ماردین و نوصیبین و موسڵ و شارەزوور و ئامێدی و ئاکرێیان داوە، کە تاعونێکی توندی تێدا بڵاوبووەتەوە(یاسین العمري، ٢٠١٧، ص٤٥؛ الدخیل، ٢٠٠٣، ص٢٦٦؛ العدول، ٢٠٠٦، ص٦؛EROĞLU Ve diğerleri. 2012.p99) ، خەڵکێکی زۆر بوونە قوربانی ئەم پەتایە بەهۆی زۆری ڕێژەکەیان دیارینەکردوە، بەڵکو دەڵێن هەر خودا بە خۆی دەزانی ژمارەیان چەند بووە (یاسین العمري، ٢٠١٧، ص٤٥).

جارێکی تر لە ساڵی (٨٦٤ک/١٤٥٩ز) تاعونێکی گەورە چەند ناوچەیەکی کوردی گرتەوە، هەرچەندە سەرچاوەکان ئاماژە بە هەموو ناوچەکان نادەن تەنیا (William Clowes) دەڵێت: ئەم تاعونە بەتلیس و وان و هەرێمی ئەرمینیای گرتوەتەوە (1969. pp260– 262)، بەڵام کۆمەڵێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەدەن، ئەم پەتایە لەساڵی (٨٦٤ک/١٤٥٩ز) لە وڵاتی شام سەریهەڵداوە و پەتایەکی زۆر توند بووە خەڵکێکی زۆر پێ مردوون، کە لە ژماردن نەدەهاتن (السخاوي، ١٩٩٥، ج٣، ص٧٢٨؛ ابن العماد، ١٩٩٨، ج٩، ص٤٤٦؛ محمد حمزة، ٢٠٠٩، ص١٣١؛ الطراونة، ٢٠١٠، ص٥١؛ الحاج قاسم، ٢٠٢٠، ص٧٥). کەواتە، هەر ئەم پەتایە ڕووبەرێکی فراوانی زەوی گرتوەتەوە و گوازراوەتەوە بەتلیس و ئەرمینیا، جگە لە ناوچە کوردنشینەکانی وڵاتی شام و دەوروبەریشی ئەم پەتایەیان گرتوەتەوە، چەندین ناوچەی کوردنشینی تر لە نێوان بەتلیس و ئەرمینیا تا دەگاتە وڵاتی شام هەیە، بە دڵنیایی بێبەش نەبوونە لە بڵاوبوونەوەی ئەم تاعونە، بەڵام سەرچاوەکان باسیاننەکردوە، (William Clowes) دەڵێت: لە ساڵی (٨٦٥ک/١٤٦٠ز) ئەم پەتایە لە مووش و چەند شارێکی تری ئەرمینیا بڵاوبووەوە، دەڵێت: ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان گیانیان لەدەستدا و ناتوانرێت، ئەم تراژیدیایە باسبکرێت، کە چەندین کچ لە دایکیان جیابوونەوە

و چەندین کەس لە ژن و پیاو بە داماوی مانەوە بەدیار گیانلەدەستدانی هاوسەرەکانیان .1969)
(p268، هەروەها لە شاری وان ڕۆژانە چل کەس بەهۆی ئەم پەتایە گیانیان لەدەست دەدا،
لەبەتلیس و شارەکانی تری ئەرمینیا خەڵکێکی زۆر بوونە قوربانی ئەم پەتایە، کە ژمارەیان
دیاریکراو نیە(WILLIAM CLOWES.1969. PP260- 262) .

تاعونێکی تری گشتی و فراوان لەساڵی (٨٧٢- ٨٧٤ک/١٤٦٧-١٤٦٩ز) ناوچە کوردییەکانی بە گشتی گرتەوە، ئەم پەتایە لە بنەڕەتدا لە ساڵی (٨٦٩ک/١٤٦٤ز) لە شاری بندقیە لە ئیتاڵیا سەریهەڵداوە و لە ساڵی (٨٧١ک/١٤٦٦ز) گەیشتوەتە مەقدۆنیە، هەر لە ساڵی (٨٧٢ک/١٤٦٧ز) لە ڕێگای وشکانی گوازراوەتەوە گەیشتوەتە وڵاتی ڕۆم و خاکی عوسمانییەکان، سەرەتا زۆر بە توندی لە ئیستەنبوڵ و ئەدرنە بڵاوبووەتەوە، کە ڕۆژانە شەش سەد کەس مردوون، دواتر لە بۆرسە بڵاوبووەتەوە، پاشان تەواوی ئەنادۆڵی گرتوەتەوە و بەرەو باشور و ڕۆژهەڵات گوازراوەتەوە(Cengiz 2020.P516)، (Hecer yaman) دەڵێت: پەتای تاعون لە ساڵی (٨٧٢ک/١٤٦٧ز) لە وەرزی گەرمای هاوین لە ئەنادۆڵ بڵاوبووەوە(2022. PP18- 20).

کەواتە، ئەم پەتایە هەموو ئەنادۆڵی گرتبێتەوە هیچ گومانی تێدا نیە، لە هەموو ناوچە کوردییەکانی ئەنادۆڵ بڵاوبووەتەوە، هەروەک (William Clowes) ئاماژە بە هەندێک ناوچەی کوردی دەدات و دەڵێت: ساڵی (٨٧٥ک/١٤٧٠ز) سێیەمین ساڵ بوو تاعون لە ئەرمینیا و شاری ئۆستانی باشوری دەریاچەی وانی مابوو(1969. pp299- 300). کەواتە لە ساڵی (٨٧٣ک/١٤٦٨ز) تاعون لە دەوروبەری وان بڵاوبووەتەوە.

ئەم تاعونە بە ناوچەکانی تر بڵاوبووەتەوە تاوەکو ئەسفەهانیشی گرتوەتەوە، لەوێوە بۆ بەغدا و بۆ ناوچە کوردییەکانی عێراق گوازراوەتەوە، هەروەک (سليمان الدخيل) ئاماژە بەو ڕاستییە دەدات، کەوا لە ساڵی (٨٧٤ک/١٤٦٩ز) تاعون لە بەغدا تاوەکو ئەسفەهانی گرتوەتەوە (الدخيل،

٢٠٠٣، ص٢٧١). کەواتە، ناوچە کوردییەکانی وەکو لوڕستان و کەرمەنشان و ئیلام، کە دەکەونە نێوان ئەسفەهان و بەغدا گرتوەتەوە. هەر لەم ساڵەدا ئەم پەتایە لە بەغدا گوازراوەتەوە بۆ تکریت، شارەزوور، هەولێر و موسڵ (العزاوي، ٢٠٠٤، ج٣، ص٢٤٣؛ یاسین العمري، ٢٠١٧، ص٤٥؛ العدول، ٢٠٠٦، ص٦؛ ڕابیعە فتاح، ٢٠٠٥، ل٣٧٢) .

ئەم پەتایە ڕووبەرەکەی زۆر فراوان بوو و وڵاتی شام و میسریشی گرتبووە. چەند مێژوونوسێک ئاماژە بەوە دەدەن لە ساڵی (٨٧٤ک/١٤٦٩ز) ئەم پەتایە لە وڵاتی شام بڵاوبووەتەوە (الصیرفي، ٢٠٠٢، ص١١٨؛ ابن الحمصي، ٢٠٠٠، ج١، ص٥٤٧ ). کەواتە، ناوچە کوردییەکانی دەوروبەری وڵاتی شام تا ئەنادۆڵ و بۆرسە، هەروەها تاوەکو دەگاتە موسڵ دووچاری ئەم نەهامەتیە بوونەتەوە، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوان بە هۆی ئەم تاعونە گیانیان لەدەستداوە، لە تکریت، شارەزوور، هەولێر و موسڵ لە ڕۆژێکدا هەزار و پێنج سەد کەس دەمردن (العزاوي، ٢٠٠٤، ج٣، ص٢٤٣)، لە ئیستەنبوڵ و ئەدەرنە و هەندێک شاری تری ئەنادۆڵ، کە سەرەتای تاعونەکە لەوێ سەریهەڵدا، ڕۆژانە شەش سەد کەس دەمردن(Cengiz. 2020.P516) ، بە هۆی زۆری ژمارەی مردن خەڵک ترسێکی زۆری لێ نیشتبوو، لە ماڵەکانیان نەدەهاتنەدەرەوە تاوەکو سەردانی نەخۆشەکانیان نەدەکرد و نزیکی ئەو شوێنانەش نەدەبوون، کە مردووەکانیان تێدا بن گڵ کردبوو (YAMAN.2022. P18)، یەکێک لە شاعیرە تورکەکانی ئەو سەردەمە لە ئەدرنە بە ناوی یونس ئەمرێت وەسفی تاعونکە دەکات، دەڵێت: بڕوانە ئەم منداڵە بچووکانەی کە مردوون، ئازاری مردن چی بە دڵی دایک و باوکیان کردوە، ئەو کچە بێتاوانانەی خەریکی ئاهەنگی هاوسەرگیری بوو، ئێستا لە ناو تابووتی مردنە و خۆشییەکانی لێ بووە بە خەم و ناخۆشی (DEVELİ.2022.P180)، لە هەندێک جێگا مردووەکان سێ ڕۆژ دەمانەوە کەس نەبوو ئامادەیان بکات و بەرەو گۆڕستانیان ببات. جگە لە نەهامەتی مردن، ئەم پەتایە قاتی و گرانیشی بە دوای

خۆیدا هێنا (الصیرفي، ٢٠٠٢، ص١١٨). ئەمە ڕێژەی مردووانی زیادکرد بە تایبەتی لە شارەکانی ولاتی شام، لە شاری قودس لە شەوی جەژنی قوربان چەند جەنازەیەک شۆردرا بۆ بەیانی لەگەڵ نوێژی جەژن، نوێژی مردوویان لەسەرکرا، پاشان بردیان بە خاکیان سپاردن (الحنبلي، ١٩٦٨، ج٢، ص٢٨٦)، تەنیا لە شاری دیمەشق حەوت هەزار کەس بوونە قوربانی (ابن الحمصي، ٢٠٠٠، ج١، ص١١٨؛ محمد حمزة، ٢٠٠٩، ص١٣١)، لە کاتێکدا ولاتی شام لەڕووی تەندروستییەوە پێشکەوتووتر بوو لەبەرئەوەی مەمالیکەکان لەوێ دەسەلاتداربوون، گرنگی زۆریان بە تەندروستی دەدا، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ناوچە کوردییەکانی تر کە بەردەوام شوێنی ململانێی هێزەکانی قەرقۆینلۆ و ئاقینلۆ و هێزەکانی تری ئەو سەردەمە بوو.

پەتایەکی تری بە ناوبانگ تاعونی گشتی ساڵی (٨٩٧ک/١٤٩١ز) هەموو ڕۆژهەلاتی ئیسلامی گرتبووەوە، (أبن العماد) دەڵێت: هەرگیز تاعونی بەم شێوەیە نەبووە، چارەگێکی خەڵکی زەوی بەم پەتایە مرد (١٩٩٨، ج٩، ص٥٤١)، بەلام سەرچاوەکان بە تایبەتی ئاماژەیان بە ناوچە کوردییەکان نەکردوە، چونکە پەتایەکە گشتی بوو. مێژوونوسەکانیش زیاتر گرنگیان بە بارودۆخی سیاسی داوە، بە هۆی کاریگەری یاخود پەیوەندبوونی ئەم کارەساتانە بەڕووداوی سیاسیەوە باسیانکردوە، هەروەک سەخاوی دەڵێت: لە ساڵی (٨٩٦ک/١٤٩٠ز) تاعون لەتەبریز و دەوروبەری بلاوبووەوە، تاوەکو مەدینە. یەعقوبی کوڕی حەسەن بەگ سەرکردەی ئاقۆینلۆکان بە خێزان و دار و دەستەکەی تەبریزیان بەجێهێشت لە ترسی تووش بوون بە تاعون ڕایانکرد، بەلام هیچ چارەی نەدان، ئەوەبوو دایکی سەلشق خاتوون بە تاعونەکە مرد، دواتر کوڕەکەی مرد لەگەڵ یوسفی برای، کە تەمەنی بیست ساڵ بوو، پاشان یەعقوب بە خۆشی بووە قوربانی ئەم پەتایە، پاش ئەوەی سی ڕۆژ بە نەخۆشی تاعون نالاندی (السخاوي، ١٩٩٢، ج٢، ص١٠٥؛ السخاوي، ١٩٩٥، ج٣، ص١١٨٠)، و(Mehmet BALABAN) دەڵێت: لە ساڵی (٨٩٧ک/١٤٩١ز)

کاتێک تاعون هەموو ئەنادۆڵ و وڵاتی فارسی گرتەوە سوڵتانی عوسمانیەکان بایزید بوو (2020. P182 )، و (Hasan Ali) دەڵێت: لە ساڵی (٨٩٧ک/١٤٩١ز) تاعون لە ئەدرنە بڵاوبووەوە تاوەکو ساڵی (٨٩٨ک/١٤٩٢ز) هەزارەها کەس بە هۆیەوە مردن(Cengiz. 2020.P516) ، و (أبن الحمصي) دەڵێت: لە ساڵی (٨٩٧ک/١٤٩١ز) تاعون وڵاتی شام و میسری گرتەوە، چەند بەرپرس و زانایەک بە هۆی ئەم پەتایەوە مردن، یەکێک لەوانە کسبای ئامۆزای سوڵتانی مەمالیک بوو، کە بەرپرسی دیمەشق بوو، زانا و قازی شەمسەدینی ڕەملی و قازی قازییەکان شەمسەدینی کوڕی موزلق بوو (٢٠٠٠، ج١، ص٢٣٠– ٢٣١) و شێخ جبریل کوڕی شافیعی یەکێک بوو لە زاناکانی قودس بەم تاعون مرد (الحنبلي، ١٩٦٨،ج٢، ص٣٦١)، و(الورد) دەڵێت: لە ساڵی (٨٩٧ک/١٤٩١ز) ئەو تاعونەی هەموو وڵاتانی جیهانی گرتبووەوە، لە بەغداش بڵاوبووەوە (١٩٨٩، ص١٧٧).

ئەگەر سەرنج بدەین، ئاماژە بەم پەتایە دراوە لە هەموو ئەم ناوچانەی کە مەڵبەندی هێزە دەسەڵاتدارەکانی ئەو سەردەمە بوو کە خاکی کوردستان چەقی ململانێکانیان بووە، کەواتە، ئەم پەتایە هەموو ناوچە کوردییەکانی گرتوەتەوە، چونکە بەشێکی زۆر لە ناوچە کوردییەکان دەکەونە ئەنادۆڵ، کەواتە، کە تاعون هەموو ئەنادۆڵی گرتبێتەوە بەدڵنیایی شارە کوردییەکانی ئەنادۆڵ وەک: سیواس، ئەرزنجان، ئەرزەڕۆم، مەلاتیە، خەلات، مووش، بەتلیس و وانی گرتوەتەوە، لە نێوان تەبرێز وڵاتی شام، چەندین شاری کوردی هەیە وەک: ئورفا، ماردین، جەزیرە، موسڵ، دیاربەکر و عینتاب، کە تاعونیان تێدا بڵاوبووەتەوە. ئەم پەتایە وا وەسفدەکرێت، کە زۆر دڵتەزێن بووە، لەبەر زۆری قوربانیەکان دڵەکانی دەسووتاند و چاوەکانی پڕ لە ئاودەکرد، لە هەندێک شار ڕۆژانە لە سەروی هەزار کەس گیانیان لەدەستدەدا، لە هەندێک شاری تر تاوەکو چوار سەد کەس گیانیان لەدەستدەدا (محمد حمزة، ٢٠٠٩، ص١٣٣)، لە گوندە بچووکەکان ڕۆژ هەبوو دوو

سەد کەس دەبوونە قوربانی (الدويهي، د.ت، ص٣٦٦)، پاش تێپەڕبوونی ٣٢ ڕۆژ لە بڵاوبوونەوەی ئەم تاعونە لە ئەنادۆڵ ٥٠ هەزار کەس گیانی لەدەستدا، دانیشتوان ترسێکی وایان لێنیشتبوو، پێیانوابوو، ئەمە نیشانەکانی نزیک بوونەوەی ڕۆژی دواییە (BALABAN. 2020. P182)، دەگێڕنەوە سەربازێکی تورک لە خەونیدا فریشتەی گیانکێشانی (ملك الموت)ی بینیبوو، ئەویش پێیگوتوە تۆ کێی؟ گوتوویەتی فریشتەی گیانکێشانم، هاتووم گیانی خەڵکێکی زۆر بەو تاعونە بکێشم، کە هاتووە، سەربازەکە پێیگوتبوو، گیانی منیش بەو پەتایە دەکێشیت؟ لە وەڵامدا پێیگوتبوو تەنیا حەوت ڕۆژ تەمەنت ماوە، سەربازەکە لە خەو هەڵسابوو زۆر ترسا بوو بۆ بەیانی وەسیەتی خۆی نوسی بوو و پاش حەوت ڕۆژ گیانی سپاردبوو (ابن اياس، ١٩٧٥، ج٣، ص٢٨٦)، زۆربەی ڕێگاکان بە هۆی ئەم پەتایە داخرا بوون، خەڵک ڕووی لە مزگەوتەکان دەکرد بۆ نزا و پاڕانەوە لە خودای گەورە بۆئەوەی ئەم پەتایەیان لەسەر لاببات (ابن الحمصي، ٢٠٠٠، ج١، ص٢٣٢ ) ئەمەش دیسان پەتاکەی زیاتر گەشە پێدەکرد و بڵاویدەکردەوە.

بە هەمان شێوە جارێکی تر لە ساڵی (٩٠٢- ٩٠٣ک/ ١٤٩٦- ١٤٩٧ز) تاعون وڵاتی شام و چەند ناوچەیەکی کوردی گرتەوە، وەک: عینتاب، برودج، ئورفا، حەران، ڕائسلعین، سیس و تەرسوس (البصروي، ١٩٨٨، ص٢٢٠؛ محمد حمزة، ٢٠٠٩، ص١٣٤؛ الطراونة، ٢٠١٠، ص٥٢)، سەرچاوەکان ئاماژەیان بە ژمارەی مردووەکان نەکردوە، تەنیا (البصروی) دەڵێت: لە ساڵی (٩٠٣ک/١٤٩٧ز) لە نێوان دیمەشق و دەوروبەری تا دەگاتە میسر ١٠ هەزار کەس بوونە قوربانی ئەم تاعونە (البصروي، ١٩٨٨، ص٢٢٠)، (الطراونة) دەڵێت: بەشی زۆری قوربانیەکان منداڵ بوون (٢٠١٠، ص٥٢)، سنووری بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایە بەرەوە ڕۆژهەڵات نەچوە، بۆیە سەرچاوەکان تەنیا ئاماژە بەو ناوچانە دەکەن.

هەروەها لە ساڵی (٩٠٦ – ٩٠٩ك/١٥٠٠ – ١٥٠٣ز) تاعونێکی گەورە لە ئیستەنبوڵ و ئەدرنە بڵاوبووەوە (Cengiz. 2020.P517) و هەموو ئەنادۆڵیشی گرتەوە .BALABAN. 2020) (P782، تاوەکو وڵاتی شامیشی گرتەوە (الشوامرة، ٢٠١٢، ص٤١)، سەرچاوەکان بە تایبەت ئاماژەیان بە ناوچە کوردییەکان نەداوە، بەڵام ناکرێت تاعون ئەم شوێنانەی گرتبێتەوە ناوچە کوردییەکانی ئەنادۆڵ و وڵاتی شام لێی بێبەش بووبن. ئەم تاعونە سێ ساڵی خایاندوە، کەواتە، خەڵکێکی زۆریش بۆنەتە قوربانی ئەم پەتایە، تەنیا لە ئەدرنە ڕۆژانە دوو سەد کەس دەمرد (Cengiz. 2020.P517).

جگە لە پەتای تاعون زۆر پەتای تر و نەخۆشی تر هەبوون، کە دانیشتوانی ناوچە کوردییەکان بەدەستیانەوە ناڵاندوە، بەڵام بە شێوەیەکی بەرفراوان و گشتی نەبووە هەر بۆیە سەرچاوەکان ئاماژەیان پێ نەکردوە، لە ساڵی (٨٠٦ك/١٤٠٣ز) لە زۆربەی ئەو ناوچانەی کەوتووبوونە ژێر کاریگەری ئاووهەوای دەریای سپی ناوەڕاست لە هەر دوو مانگی تشرینی یەکەم و کانوونی یەکەم خەڵکێکی زۆر تووشی نەخۆشی کۆکە و هەڵامەت بوون، کە نوژدارەکانی ئەو سەدەم هۆکارەکەیان گەڕاندەوە بۆ خواردنی بەفری تواوە، لەبەر سایەقە و کەم ئاوی خەڵک بەفریان تواندۆتەوە، تەنیا بەشێکی کەم لە خەڵک لەم نەخۆشیە پارێزراو بوون (ابن قاضي شهبة، ١٩٩٧، ج٤، ص٣٤٨).

هەروەها لە ساڵی (٨١٦ك/١٤١٣ز) دووبارە خەڵکێکی زۆر دووچاری کۆکە و تاو سەرما بوون بوونەوە، لەگەڵ ئەوەی ئەم نەخۆشیە وەرزی بوو، زۆریش لە ناو خەڵکی بڵاوبوو، بەڵام مەترسیدار نەبوو، کە خەڵک پێی بمرێت (العسقلاني، ١٩٦٩، ج٣، ص١٤)، لە ساڵی (٨٦٠ك/١٤٥٥ز) نەخۆشی سیل و لە هۆش خۆ چوون (صرع) و شێرپەنجە و چەند نەخۆشیەکی تر لە موسڵ

هەبوو، بەڵام قوربانیەکانیان ئەوەندە زۆر نەبووە وەک پەتای تاعون، هەر بۆیە سەرچاوەکان ئاماژەیان پێ نەداوە (علي، ١٩٩٢، ج٢، ص٢٦٦).

لە ساڵی (٨٨٨ک/١٤٨٣ز) زۆر لە دانیشتوانی شاری موسڵ تووشی نەخۆشی گرانەتا (حمیات) بوونە، کۆمەڵێک خەڵکیش بە هۆیەوە گیانیان لەدەستداوە (یاسین العمري، ٢٠١٣، ص١٦٦؛ العدول، ٢٠٠٦، ص٩)، لە ساڵی (٩١٧ک/١٥١١ز) لە ناوچە کوردنشینەکانی وڵاتی شام نەخۆشی جودەری بڵاوبووەوە، دواتر خەڵک دووچاری خورێ هاتن، زۆربەی تووشبووان تا بەیانی خەویان لێ نەدەکەوت بەهۆی ئەم نەخۆشیە (الدویهي، د.ت، ص٣٣٨)، بەڵام ئاماژە بە مردن نەکراوە، بەهۆی ئەم نەخۆشیەوە. زۆر نەخۆشی تریش هەبوون، بەڵام لەبەرئەوەی گشتی نەبووە و ژمارەی تووشبوون کەم بووە بە شێوەیەکی گشتی کاریگەر لە سەر لایەنەکانی تری وەک ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ژیانی مرۆڤ نەبووە، بۆیە بە کارەسات دانانرێن. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا زۆربەی ئەم نەخۆشیانە بوونیان هەر هەیە.

### ٣-چارەسەری و خۆپارێزی لە پەتای تاعون

أ- دوورخستنەوەی نەخۆش لە خەڵکی تەندروست

وتەیەکی باو هەیە، کە دەڵێن: خۆپارێزی باشترە لەچارەسەری. تاعون یەکێکە لەو نەخۆشیانەی، کەوا چارەسەری زۆر کەم و ئەستەمە، هەر بۆیە زیاتر ڕێگای خۆپارێزیان بەکارهێناوە، پێش بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە و لەکاتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکەشدا (أبو هویشل،٢٠١٢، ص١٩١)، یەکێک لەم هەنگاوانەی خۆپارێزی بریتیبوو لە دوورخستنەوەی نەخۆش لە خەڵکی تەندروست، ئەم جۆرە خۆپارێزیەش وەنەبێت هەر لە سەردەمی ماوەی توێژینەوەکە پەیڕەوکرابێت، بەڵکو مێژووەکەی بۆ زۆر کۆن دەگەڕێتەوە، بۆ پێش زایینی، ئەمەش بە لێکۆڵینەوە لە نوسراوە مسماریەکان لە وڵاتی دووڕووبار (وادی رافیدین) ئەگەر هەر

کەسێک وەرمێکی بە ئازاری لە قاچی هاتبا و ڕەنگی پێستی ڕەش و سپی بوایە، ئەوا پێویست بوو بە دووری بخەنەوە و نزیکی نەبنەوە (محمود،٢٠٠٧، ص٦٢)

پێغەمبەر (د. خ) زۆر گرنگی بەخۆپارێزی داوە بە تایبەتی لە نەخۆشـــیە پەتاییەکان، هەر وەک لە فەرموودەیەکدا دەڵێت: (إذا سـمعتم الطاعون بأرض فلا تدخلوها، وإذا وقع بأرض وأنتم فيها فلا تخرجوا منها) واتا، ئەگەر زانیتان لە شـــوێنێک تاعون هەیە بۆی نەچن، ئەگەر لەو شـــوێنەش بوون، کە پەتـای تـاعونی تێـدا بڵاوبۆتەوە، بەجێیمەهێڵن، لە فەرموودەیەکی تر دەفەرمووێـت: (لَا تُورِدُوا الْمُمْرِضَ عَلَى الْمُصِحِّ) (البخـاري، ١٩٩٣، ج٥، ص٥٤٣٩) واتا، کەسی نەخۆش نابێت تێکەڵاو بێت لەگەڵ کەسی تەندروست، چونکە بە پێی زانسـتی ئێسـتا دەرکەوتوە زۆر لە کەسـەکان هەڵگری میکرۆبی تاعونن، لە سـەرەتای تووش بوونن هەسـتی پێناکەن، ئەگەر بچنە شـوێنێکی تر، ئەم پەتایە بڵاودەکەنەوە، یاخود زۆر لەتوشـــبووانی چـاک بوونەتەوە، بەڵام هێشـــتـا هەر هەڵگری میکرۆبەکەن لەگەڵ خۆیـان دەیگوازنەوە بۆ شـوێنی تر، و کوردەکانیش بەشـی زۆریان لە سـەر ئاینی ئیسـلام بوون، بۆیە پابەندبوون بە ڕێنمایەکانی تەندروستی ئیسلامی و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د. خ) بۆیە لەکاتی بڵاوبوونەوەی پەتا کەســی نەخۆشــیان دوورە پەرێزکردوە، کەســی تەندروســتیش تێکەڵ بە نەخۆشەکان نەدەبوو، بۆئەوەی نەخۆشیەکەیان بۆ نەگواسترێتەوە، ئەگەر ناچاریش بوون لێیان نزیک ببنەوە، ئەوا بە دریژایی ڕمێکی شــــەڕکردن لێیان نزیک دەبوونەوە، ئەم ماوە دووریە هەمان ئەو ماوەیە ئێستا لە نەخۆشخانەکان پەیرەوە دەکرێت (الحاج قاسم، ٢٠٢٠، ص٢١-٢٢)، لە تاعونی سـاڵی (٩١٩ک/١٥١٣ز) کە هەموو سـنووری ژێر دەسـتی عوسـمانیەکانی گرتبۆوە، خەڵک بۆ خۆپاراسـتن لەم پەتایە پێش ئەوەی پەتایەکە بگاتە شـارەکە ئاودانیان بەجێدەهێشـت دەچوونە چیایەکان، بە تـایبەتی کوردەکـان، کەوا ڕوویـان لە چیـایەکـان کردبوو( GISELE MARIEN.2009.p75).

ب-پەنابردن بۆ ئایین و نزاو پاڕانەوە

ئاین دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە هەر لەسەرەتای بوونی ژیان لەسەر زەوی هیچ کۆمەڵگەیەکی مرۆڤی نەیتوانیوە لێی جیاببێتەوە، بیروباوەڕی مرۆڤ بەر لە مێژوو زۆر سادە بوو کەترس و پاڕانەوە بوو، ترس لە دیاردە سروشتیە ترسێنەرەکانی وەک: بروسک و لافاو ئاگر... و نزیکبوونەوە و پاڕانەوە لەو دیاردانە بۆ چاکەکردن و دوورکەوتنەوە لە مەترسیەکانیان، هەر بۆیە چەندین خودای جۆراوجۆریان هەبوو تایبەت بە دیاریدەکان، وەک: ڕۆژ، ئاگر و بەهار... و دابەش ببوون بۆ خودای خێر و خودای شەڕ (الهاشمي،١٩٥٥، ص٩).

پەتای تاعونیش بە سزایەکی خوداییان داناوە بۆ مرۆڤەکان، بۆیە خودای تایبەت بە تاعونیان هەبووە، هەروەک لە نوسراوە مسماریەکانی وڵاتی نێوان دوو ڕووبار دەرکەوتوە، کە زۆر لە پەتای تاعون ترساون، بۆیە خودایەکی تایبەت بە تاعونیان هەبووە، پێیاندەگووت نرکال (محمود،٢٠٠٧، ص٦٢)، یۆنانیەکانیش وا بیریاندەکردەوە، کەوا تاعون سزایەکە لە لایەن خودا ئەپۆلۆ بۆیان هاتوە، چونکە لێیان تووڕەبووە، بۆیە پەنایان دەبردە بەر نزاو پاڕانەوە بۆی (GISELE MARIEN.2009.p77).

لە ڕوانگەی ئیسلامیشەوە تاعون سزایەکە، خودای گەورە بە هۆی خراپی بەندەکان دەینێرێت (قشلان، ٢٠١٩، ص٤-٧)، هەر بۆیە لەکاتی بڵاوبوونەوەی دانیشتوان پەنایان بۆ نزاو پاڕانەوە و خودا پەرستی و زۆر خێرکرن و دوورکەوتنەوە لە گوناهەکان و کاری خراپە و بەدڕەوشتی بردوە (بنی حمد، ٢٠٠٨، ص٢٨؛ محمد سید،٢٠١٦، ص١٨٠؛ الحمري،٢٠٢٠، ص١٩)، هەروەک دەبینین لەکاتی بڵاوبوونەوەی تاعونی ساڵی (٨٣٣ک/١٤٢٩ز) کە تاعونێکی گشتی بوو، میسر و وڵاتی شام و کوردستان و هەموو ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی گرتبووە (محمد حمزة، ٢٠٠٩، ص١٢٨؛ الطراونة، ٢٠١٠، ص٥٠؛ بني حمد، ٢٠٠٨، ص٧٤)، سوڵتانی مەمالیکەکان هەموو

زانایانی ئیسلامی کۆکردەوە، کە پێکهاتبوون لە زانای هەر چوار مەزهەبەکەی ئیسلامی بۆئەوەی گفتوگۆ لە سەر تاعون بکەن و سەرنج و پێشنیارەکانیان وەربگرێت، هەموویان باسی ئەویانکرد، کە ڕوو لە تۆبەکردن بکرێت و زوڵم نەمینێت، سولْتان پرسیاری لێکردن دەربارەی زوڵم، ئەوانیش سێ زوڵمیان بۆ باسکردن کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەو ڕوویانداوە، کە جێگای شەرم بوون. وەکو ناچارکردنی بازرگانەکان، کە بەهارات بە سوڵتان بفرۆشن و پاشکەوتکردنی قامیشی شەکر، بۆیە سوڵتان فەرمانی بە قازی و بەرپرسەکان کرد، ڕێگە لە گەندەڵی و خراپە بگرن و داوا لە خەڵک بکەن تۆبەبکەن، ڕێگا نەدرێت ئافرەت بچێتە دەرەوە بۆ بازار (ابن شاهین، ٢٠٠٢، ج٤، ص٢٧٣)، بێگومان ئەم بڕیارەی سوڵتان ناوچە کوردییەکانی سنووری دەوڵەتی مەمالیکەکانیشی گرتۆتەوە.

هەروەها لە ساڵی (٨٤١ک/١٤٣٧ز) کاتێک پەتایەکی گشتی هەموو وڵاتی موسڵمانانی گرتەوە بە کورستانیشەوە، کەوا زۆر لە شارەکان بە هۆی ئەم پەتایە چۆلکرابون (المقريزي، ١٩٩٧، ج٧، ص٣٣٧؛ الصيرفي، ٢٠١٠، ج٣، ص٣٧٨)، خەڵک ڕوویانکردە تۆبەکردن و نزا و پاڕانەوە، لە وڵاتی شام شوێنەکانی مەی فرۆشتنیان داخستن، هەر کەسێک کاری خراپی کردبا باجیان لێدەستاند، کاتێک کاریگەری ئەم پەرستنە و ڕێککارەکان دەرکەوت، کە ڕێژەی ژمارەی مردوان کەمبووەوە، خەڵکی حەلەب زۆر پێی دڵخۆش بوون (المقريزي، ١٩٩٧، ج٧، ص٣٤٢).

لە تاعونی ساڵی (٨٦٠ک/١٤٥٥ز) لە ناوچەکانی دیاربەکر، جەزیرە، ماردین، نوصیبین و موسڵ، خەڵک بە گشتی پەنایان بۆ خودا پەرستی و نزاو پاڕانەوە برد، وەک ڕێگا چارەیەک بۆ کۆتایی هاتنی تاعون (الدخيل، ٢٠٠٣، ص٢٦٦ )، لە ساڵی (٨٩٧ک/١٤٩١ز) کاتێک تاعونێکی گشتی هەموو ناوچە کوردییەکانی گرتەوە لەگەڵ وڵاتەکانی دەورووبەری (الورد، ١٩٨٩،ص١٧٧)، خەڵک بەشێوەیەکی گشتی زیاتر پەنایان بۆ خوداپەرستی و نزاو پاڕانەوە برد، دەڵێن، کەسێک لە وڵاتی شام پێغەمبەری (د. خ) لەخەو بینیبوو پێیگوتوە: بەهۆی ئەم تاعونەی بەسەرتاندا

هاتوە، لە لای خودای گەورە شـــەفاعەتان بۆ دەکەم، بەخەڵک بڵێ حەوت ڕۆژ لەســـەریەک بەڕۆژوبن، گێڕانەوەی ئەو خەونە و بەرگوێکەوتنی خەڵـک، وایکرد زۆر کەس حەوت ڕۆژ لەسەر یەک بەڕۆژووبن (ابن ایاس، ١٩٧٥، ج٣، ص٢٦)، لە مزگەوتی ئومەوی لە شاری دیمشق لە کاتی نوێژی عەســـر زاناکان و قوتابیەکان دانیشـــتن، دووجار هەموو کتێبی (صـــحیح البخاری)یان خوێندەوە و نزایانکرد، کە خودا ئەم نەهامەتیەیان لەســـەر لاببات (ابن الحمصـــي، ٢٠٠٠، ج١، ص٢٣٢ ).

لە تاعونی ســـاڵی (٩١٩ک/١٥١٣ز) ســـوڵتانی مەمالیکەکان داوای لە خەڵک کرد تۆبەبکەن و ڕوو لە نزا و پاڕانەوە بکەن لە خودای گەورە و ســـێ ڕۆژ لەســـەر یەک بەڕۆژوبن، بۆئەوەی خودا ئەم پەتایەیان لە ناو نەهێڵیت، چەند فەرمانێکی تریشـــی دەرکرد، وەک ڕێگەگرتن لە فرۆشـتنی مەی و ڕێگە لە ئافرەتانی خراپەکاری بەدڕەوشـت بگرن خراپەنەکەن، داوای لە قازی و ئەمیرەکان کرد لە تەواوی ســـنووری دەســـەڵاتیدا دادپەروەربن و ڕێگە لە زوڵمکردن بگرن، هەموو باجەکانیان هەڵوەشـــاندەوە و ژمارەیەکی زۆر زیندانیان ئازادکرد (محمد ســـید،٢٠١٦، ص١٧٩).

پیاوانی ئایینی و زاناکان چەندین دوعا و پاڕانەوەی جۆراجۆریان بە خەڵک دەگوت، کە بۆ خۆپاراســتن بیخوێنن، هەندێکیان دەیانگووت دوعای پێغەمبەر یونس ( لا إله أنت ســبحانك إني كنت من الظالمين) ١٣٦ جار بخوێنەوە، بۆئەوەی لە تاعون پارێزراوبن. هەندێکیان دەیانگوت: ئەم نزایە بخوێنن باشە ( يا حيّ يا قيّوم، ربّنا اكشف عنّا العذاب إنّا مؤمنون، اللّهمّ إنّي أعوذ بك من الطعن، والطّاعون والوباء، اللّهمّ إنّي أعوذ بك من موت الفجأة، وســـوء القضـــاء) هەندێکیان دەیانگوت: ١٣٦جار بڵێن (المؤمن) کە یەکێکە لە ناوەکانی خودا، ئەوا لە شەڕی تاعون بە دوور دەکەونەوە، هەندێکیان دەیانگوت: هەموو ڕۆژێک ٨٨ جار بڵێن (الحكيم) خودا لە شـــەڕی پەتاتان بە دوور دەخاتەوە (الحنبلي، ٢٠٠٠، ص٤٨-٤٩)،

گرنگترین نزا کە زانایان بە خەڵکیان دەگووت لە کاتی پەتا بیخوێنن، ئەمە بوو ( نسئلک بأسمک الجامع ونورک اللامع ونبیک الشافع و ولیک الخاشع، یا معافي یا نافع یاشافي یا دافع ان تدفع عنا هذا السم النافع والسقم الفاجع، والداء الناصع والوباء القاطع أنک مجیب سامع قریب واسع) ئەگەر یەکێک سێ جار بیخوێنێت، خودا پارێزگاری لێدەکات لە پەتای تاعون (البسطامي، د.ت، ص٤٣).

ج- پاککردنەوەی ژینگەی مرۆڤ

جگە لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ ئایین و دوورە پەرێزکردنی کەسی نەخۆش، چەندین ڕێوشوێنی تری خۆپارێزی و ڕێگا چارەسەری جۆراجۆر لە کاتی بڵاوبوونەوەی پەتای تاعون بەکاردەهات، ئەم چارەسەریانە لە لایەن نوژدارەکانی ئەم سەردەمەدا بەکاردەهاتن و پێشنیاردەکران، لەوانە، پاککردنەوەی ژینگە بوو، بۆ ئەم مەبەستەش ماڵەکانیان پاکدەکردەوە و هەوایەکەیان بەبخووری کافوور و صەندەل و مسک و عەنبەر بۆنخۆشدەکردن (أبو هویشل،٢٠١٢، ص١٩١)، کردنەوەی ئاگر لە شوێنی ئاگاردانەکان و کورەکان (المواقد) بۆئەوەی هەوایەکە پاکبکاتەوە لە میکرۆبی پەتایەکە (مصطفی، ٢٠١٨، ص٢٤٨). پاککردنەوەی ناوچەکە لە هەندێک جۆر گیانلەبەر بە تایبەتی سەگەکان، چونکە لەو باوڕەبوون، کە دەبنە هۆی گواستنەوەی نەخۆشیەکە و بڵاوبوونەوەی (مصطفی، ٢٠١٨، ص٢٤٨) مانەوە و نیشتەجێبوون لەبەر سێبەر لە شوێنە وشکەکان دوور لە شەپۆلی هەوای سارد و زۆر نەجولانەوە (أبو هویشل،٢٠١٢، ص١٩١)، زۆر نوستن و زۆر خۆشوشتن و دانانی سنوورێک بۆ جووتبوون(الغدوي، ٢٠١٨، ص٤٨).

د- چاککردنی خۆراک

خواردنی خەل، ئاوی هەنار، سماق، پەسیرە، بادەم و ترێ، ئەگەر خۆراکێک خورابایە بە تایبەتی گۆشت، دەبوایە، ئاوی یەکێک لە مانەی بەسەر داکرابا لە کاتی کوڵانی (أبو

هویشـل،٢٠١٢، ص١٩١) ، زیاتر نیسـک و گۆشـت بەخەل و پیاز و خەل دەخورا، دروسـتکردنی خواردن لە بازار قەدەغەدەکرا (مصـــطفی، ٢٠١٨، ص٢٤٨)، دەبوایە خواردن بە گەرمی بخۆن، ساردنەبێتەوە، ئەو خواردنانەش بخۆن، کە زوو هەرس دەبن و بۆ گەدە گران نین، وەک نیسک (الغدوي، ٢٠١٨، ص٤٨)، هەروەک لە تاعونی ســـالّی (٨٣٣ک/١٣٢٩ز) نوژدارەکان ڕێنمایان بە نەخۆشـەکاندا، کە پێویسـتە شـەکری وردکراو تێکەڵ بە هەڕاوەی هەناری ترش بکەن و بیخۆن، بۆئەوەی ئازارەکانیان کەمبێتەوە(محمد سید،٢٠١٦، ص١٨١؛ الشوامرة، ٢٠١٢، ص٧٣).

ە- دەرهێنانی خوێنی پیس (حیجامە)

لە گرنگترین چارەسـەریەکانیش دەرهێنانی خوێنی پیس بوو، بە هۆی ئەنجامدانی کەلەشـاخ (حیجامە، الفصـد) (أبو هویشـل،٢٠١٢، ص١٩١)، مەبەسـت لەم کارە پاکبوونەوەی خوین بوو لە ژەهرەکە، وەکێم و جەراعاتەکە لە شـوینی هەڵئاوسـاوەکە بەتاڵدەکرد، چونکە لەوباوەڕە بوون، ئەگەر ئەم کێم و جەراعەتە دەرنەهێنن زیاتر ژەهراوی دەبن، زۆرجار نەخۆشـــەکە بەم کردارە بەرەو چاکبوونەوە دەچوو، زۆرجاریش بە کردنەوەی شـوێنە هەڵئاوسـاوەکە برینێکی لەجەسـتە دروست دەبوو و گەورە دەبوو، نزیکەی ئەوەندەی لەپی دەستی مرۆڤی لێدەهات، نوژدارەکە لە ڕێگای ئیسفەنجێک کە بە ئاوی خەل پاککرابووەوە کێم و جەراعەتەکەی دەردەهێنا و مەرهەمێک بەکاردەهات بۆ شوێنە هەڵئاوساوەکان، بۆ ڕاکێشانی ژەهرەکە، پێیدەگوترا، زنجار کە لە شەمێ و ئاوی دار و بنێشـــتی ســـنۆبەر دروســـتکرابوو(الغدوي، ٢٠١٨، ص٤٨-٤٩)، جۆرێکی تری مەرهەم بەکاردەهات، لە خوێی وردکراو لەگەڵ خەل تیکەڵ بەسـپێنەی هێلکە دەکرا، مەرهەمێکی تریش هەبوو لە هەنگوین و بەزی قاز و ئاوی دار ســـنۆربەر و ڕەژوو و شـــیلاوی شـــەکر و ســـپێنەی هێلکە پێکهـاتبوو (جوزیف بیرن، ٢٠١٤،ص٩٨) هەنـدێکجـار نوژدارەکە حیجـامە ئەنجامدەدا بۆ ئەو کەســـەی دووچاری پەتاکە دەبوو، زۆرجار نوژدارەکە هیچ چارەســـەرەکی

پێنەدەکرا بۆ چاکبوونەوەی، تەنها ئازارەکەی کەمدەکردوە، ئەویش لە ڕێگای بەکارهێنانی ڕوونی ڕێواس، کەوا خوێنبەر بوونی ڕادەوەستاندن و تای دەهێنا خوارەوە (الغدوي، ٢٠١٨، ص٤٨-٤٩)، هەروەک علی شاکر دەڵێت: لە تاعونی ساڵی (٨١٣ک/١٤١٠ز) لە موسڵدا، ئەگەر ئەم پۆرگە هەڵئاوساوانەی جەستە نەمابا و لە ناوچووبا، ئەوا نەخۆشەکە ڕزگاری دەبوو، ئەگەر هەر بمابوایە، ڕەق بووبا، ئەوە ئەوەی دەگەیاند کە نەخۆشەکە بۆ ڕۆژی پێنجەم دەمرێت (علي، ١٩٩٢، ج٢، ص٢٦٦).

جێگای باسە، پاش ئەوەی ئەم بەکتریایە دۆزرایەوە، کە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی تاعون، چارەسەری ئەم پەتایە ئاسان بوو، بۆیە لە ئێستادا چەندین جۆری ڤاکیسن دژی ئەم بەکتریایە هەیە، وەک: ڤاکسینی هاڤکین، کە بەشێوەی دەرزی لە مرۆڤ دەدرێت، کە بەرگری لە جەستە دژی ئەم پەتایە دروستدەکات بۆ ماوەی شەش مانگ، ئەم ڤاکیسنە پێکهاتوە لەو بەکتریایەی کە کوژراوە بە هۆی ماددەی فۆرمالدیهاد لە ٣٧ پلەی سەدی، بەشێوەیەکە کەوا ١٥٠٠ بەکتریای کوژراو لە نیو ملیمەتردایە. جۆرێکی تری ڤاکسین کە لە بەکتریای زیندوو پیکهاتوە، بەڵام بێهێز کراوە، ئەنجامی ئەمەیان لەوەی تر باشترە، ئەمەش هەر لە ڕێگای دەرزی لە مرۆڤ دەدرێت بۆ ماوەی شەش مانگ. باشترین خۆپارێزیش لە کاتی پەتاکە بەکارهینانی دەرمانی تیتراسایکلینە، هەروەها هەوڵدان بۆ قەلاچۆکردنی مشک و کێچەکان (السیوطي، د.ت، مقدمة المحقق، ص٣٣-٣٤).

## ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا دەردەکەوێت، کە تاعون نەخۆشیەکی گواستراوەیە بە هۆی بەکتریای یرسینیا بڵاودەبێتەوە، لە پاش دۆزینەوەی جۆری بەکتریاکە، ئەم نەخۆشیە کۆتایی پێهاتوە، بۆیە لە سەدەکانی دوایی و ئێستادا ئەم نەخۆشیە بەدیناکرێت.

بەشی زۆر پەتاکانی تاعون لە ئەوروپاوە سەریانهەڵداوە و لە ڕێگای دەریاوە گواستراونەتەوە بۆ وڵاتی شام یاخود ئاسیای بچووک، لەوێشەوە بڵاوبوونەتەوە بە کوردستاندا، ئەمە ئەوە دەگەینێت، کەوا کۆمەڵگەی ئەوروپی لە ڕووی تەندروستیەوە دواکەوتووتر بوونە لە کۆمەڵگەی ئیسلامی لەو سەردەمەدا، زۆربەی پەتاکانیش کوردستان سەرچاوەی سەرهەڵدانی پەتاکان نەبووە، بەڵکو لە شوێنەکانی تر بۆی گواستراوەتەوە.

کەواتە، کۆمەڵگەی کوردی لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی تەندروستی پێشکەوتوو نەبووە، بەڵام پابەندی پاک و خاوێنی ژینگەکەیان بوونە و سروشتی ژینگەکەیان وایکردوە، کەش و هەوایەکی پاکیان هەبێت، لەگەڵ ئەمەشدا، ئەگەر سەرەنج بدەین، دەبینین بە درێژایی سەدەی نۆیەمی کۆچی پەتای تاعون یەخەی ناوچە کوردییەکانی گرتوە، کەوا لە ماوەی توێژنەکەوە هەژدە جار تاعون ناوچە کوردییەکانی گرتۆتەوە و ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان بە هۆیەوە لە ناوچوونە. ئەم نەهامەتیە، ڕێگا خۆشکەر بووە بۆ هێزە باڵا دەستەکانی ئەو سەردەمە، تا زیاتر دەستدرێژی بکەنە سەر شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان.

**<u>پەراوێزەکان</u>**

(١) کێچ یاخود قێچ بە عەرەبی پێی دەگوترێت (برغوث) زیندەوەرێکی بچووکە خوێنی مرۆڤ و گیانلەبەرەکان دەمژێت، نەخۆشیە پیسەکانیان بۆ دەگوازێتەوە. (عبدالحمید، ٢٠٠٨، ج١، ص١٩١)

(٢) ناو ئەحمەد کوڕی عەلی بە ئیبن خاتیمەی ئەنصاری ناسراوە لەساڵی(٧٢٤ک/١٣٢٤ز) لە شاری مەریە لە ئەندلوس لە دایک بووە، دکتۆرێکی لێهاتوو و بە ناوبانگ بووە لە سەردەمی تاعونی ڕەش چارەسەری نەخۆشەکانی کردوە لە ساڵی (٧٧٠ک/١٣٦٩ز) کۆچی دوایی کردوە. (المحلاوي، ٢٠٢٠،ص٨٥).

(٣) لە ساڵی١٨٩٤ز زانای یابانی شیبا سابور کیتاسۆ ئەو میکرۆبەی دۆزیەوە کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی نەخۆشی تاعون بۆی دەرکەوت، کە میکرۆبەکە بەکتریایەکە، پاش چەند مانگێک زانای سویدی یرسینیا بستس (Yersinia pestis) ئەویش بەکتریایەکەی دۆزیەوە و بەناوی ئەوەو ناونرا بەکتریای یەرسینیا، لە ساڵی ١٨٩٧ز زانایەکی تری یابانی مانسوری ئۆجاتا

ئەوەی دۆزیەوە کە گواستنەوەی بەکتریای ئەم پەتایە بۆ مرۆڤ لەڕێگای کێچەکانەوەیە، زانای فەرەنسی بول لویس سیمون ئەم بیرۆکەی بۆ خۆی بردوو لە ساڵی ١٩٠٨ز دووپاتیکردەوە، کە هیچ گومانێک نیە هۆکاری گواستنەوەی ئەم بەکتریایە، کێچەکانی سەر مشک و جورجەکان. (السیوطي، د.ت، مقدمة المحقق، ص٨)، بەڵام ئەگەر تێبینی بکەین (ابن حجر العسقلاني) زۆر پێشی ئەوانەی گوتوە: ئەمە نەخۆشی مشکەکانە لەڕێگای کیچەکان دەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤ. (٢٠٠٥، ص٢٢).

(٤) سوڵتان بدیع زمان میرزا یەکێ بوو لەسوڵتانەکانی بنەماڵەی تەیموری لەنگ پاش شکستی وەک پەنابەر چوە لای شا اسماعیلی سەفەوی، کاتێک شەڕی چاڵدێران لە ساڵی ٩٢٠ک/١٥١٤ز ڕویدا لە نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکان و بەسەرکەوتنی عوسمانییەکان کۆتایی هات، سوڵتان سەلیم لەگەڵ خۆی بردویەتیە ئەستنبول لەوێ مرد. غیاث الدین ( خواندمیر، ١٩٨٠، ص٢٤)

**سەرچاوەکان**

**سەرچاو کوردییەکان:**


١-ڕابیعە فەتاح (٢٠٠٥)، *کوردستان لەسەدەی پازدەی زاینیدا*، هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

٢-ابن حجر العسقلاني(١٩٦٩)، *إنباء الغمر بأبناء العصر*، تحقيق: حسن حبشي، ج٣، مصر ،لجنة احياه والتراث الإسلامي.

٣-ابن حجر العسقلاني(٢٠٠٥)، *بذل الماعون في فضل الطاعون*، تحقيق: احمد عصام عبدالقادر، الرياض، دار العاصمة.

٤-احمد بن حجى(٢٠٠٣)، *تاريخ ابن حجي*، تحقيق:عبدالله الكندري، ج٢، بيروت ، دار ابن حزم.

٥-أحمد بن علي بن عبد القادر المقريزي(١٩٩٧)، *السلوك لمعرفة دول الملوك*، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، ج٥-٦-٧، بيروت، دار الكتب العلمية.

٦-احمد بن محمد بن عمر ابن الحمصي(٢٠٠٠)، *حوادث الزمان ووفيات الشيوخ والأقران*، تحقيق: عبدالعزيز فياض، ج١، بيروت، دارنفائس.

٧-احمد مختار عبدالحميد(٢٠٠٨)، معجم اللغة العربية المعاصرة، ج١، عالم الكتب.

٨-احمد الغدوي(٢٠١٨)، الطاعون في العصـــر الأموي، بيروت ،المركز العربي للأبحاث ودراســة السياسات.

٩-اشــرف صــالح محمد ســيد(٢٠١٦) *القيادة المملوكية أوقات الكوارث البيلوجية في بلاد شــام الطاعون نموذجا،(١٢٥٠- ١٥٧١هـ/٦٤٨- ٩٢٢م)،المجلة الجزائيرية للبحوث والدراسات التاريخة المتوسطية*، العدد٣.ص١٧٢-١٨٠.

١٠- باقر امين الورد(١٩٨٩)، *حوادث بغداد في* ١٢ *قرن*، بغداد، مكتبة النهضة.

١١- البطريك اســـطفان الدويهي(د.ت)، *تاريخ الأزمنة*، ترجمة: الاباتي بطرس فهد، بيروت، دارلحد خاطر.

١٢- جاســـم محمد حســـن العدول(٢٠٠٦)، *الكوارث والظواهر الطبيعية في الموصـــل من خلال مؤلفات المؤرخ الموصـلي ياسـين بن خيرالله العمري،دراسـات موصـلية*، عدد١٣ ، موصـل، ص٣-٢٨.

١٣- جريجوريوس أبو الفرج ابن العبري(٢٠٠٧)، *مخطوطة تاريخ الأزمنة*، ترجمة: شـــادية توفيق حافظ، القاهرة، مركز القومي للترجمة.

١٤- جلال الدين الســـيوطي (د.ت)، *ماوراء الواعون في اخبار طاعون*، تحقيق: محمد علي الباز، دارالقلم.

١٥- جلال الدين السيوطي(١٤٥٠)، *مارواه الواعون في الطعن والطاعون*، مخطوط.

١٦- جوزيف بيرن(٢٠١٤)، *الموت الأســود*، ترجمة: عمر ســعيد الأيوبي، هيئة أبوظبي للســياحة والثقافة.

١٧- حســـام الدين عباس الحزوري:(٢٠٢١)، مدينة حمص *في عصـــر ســـلاطين المماليك ٦٥٨*- ٩٢٢هـ/١٢٦٠- ١٥١٦م، دمشق، نور حوران للدراسات النشر والتراث.

١٨- حسام محمود المحلاوي(٢٠٢٠)*، الطاعون الأسود(٧٤٨- ٧٥٢هـ/ ١٣٤٧- ١٣٥١م) بين الطبيب الأندلسـي ابن خاتمة الأنصـاري و جامعات وأطباء أوروبا*، مجلة *وقائع تاريخية*، عدد يوليو ، جامعة دمياط.ص٤٣- ١٠٢.

١٩- رائد عبدالرحيم مصـطفى(٢٠١٨)، *طاعون٧٤١هـــــ/١٣٤٨م في العصـر المملوكي الأول*، مجلة العلوم الإنســـانية والاجتماعية، عدد٤٨، جامعة الإمام محمد بن ســـعود الاســـلامية، المملكة العربية السعودية، ص ٢٤٨.

٢٠- رشا عبدالوهاب محمود(٢٠٠٧)، *أثر الكوارث الطبيعية في العراق القديم في ضوء النصوص المسمارية*، رسالة ماجستير) جامعة الموصل، كلية الاداب، قسم الاثار القديمة.

٢١- سليمان الدخيل(٢٠٠٣)، *الفوز بالمراد في تاريخ بغداد*، القاهرة، دار الافاق العربية.

٢٢- السيد الصومالي(٢٠٢٠)، *حوادث الطاعون والأوبئة في تايخ المسلمين*، د.م.

٢٣- شلدون واتس(٢٠١٠)، *الأوبئة والتاريخ المرض والقوة الأمبريالية*، ترجمة: احمد محمود عبدالجواد، القاهرة ،المركز القومي للترجمة.

٢٤- صالح بن محمد الربيعى(٢٠١٦)،*جامع الدول تاليف احمد بن عيسى منجم باشي*، (رسالة ماجستير) جامعة القصيم، كلية اللغة العربية والدراسات الاجتماعية، قسم التاريخ، مملكة العربية السعودية.

٢٥- عباس العزاوي(٢٠٠٤)، *موسوعة تاريخ العراق بين احتلالين*، ج٣، بيروت، دار العربية للموسوعات.

٢٦- عبدالباصد بن خليل بن شاهين(٢٠٠٢) *نيل الأمل في ذيل الدول*، تحقيق:عمر عبدالسلام تدمري، ج٣-٤، بيروت، المكتبة العصيرية.

٢٧- عبدالحي بن احمد بن محمد ابن العماد(١٩٩٨)، *شذرات الذهب في اخبار من ذهب*، تحقيق: محمود الأرناؤوط، ج٩، دمشق، دار ابن الكثير.

٢٨- علي بن داود الصيرفي(٢٠٠٢)، *إنباء الهصر بأنباء العصر*، تحقيق: حسن حبشي، القاهرة، هيئة المصرية العامة للكتاب.

٢٩- علي بن داود الصيرفي(٢٠١٠)، *نزهة النفوس والابدان في تواريخ الزمان*، تحقيق: حسن حبشي، ج٢، القاهرة، مطبعة دار الكتب.

٣٠- علي بن يوسف بن احمد البصروي(١٩٨٨)، *تاريخ البصروي صفحات مجهولة من تاريخ دمشق في عصر المماك*، تحقيق: اكرم حسين العلبي، دمشق، دار المأمون للتراث.

٣١- علي شاكر علي(١٩٩٢)،الموصل في عهد سيطرة دولتي الخروف الأسود والخروف الأبيض(٨١٤- ٩١٤هـ/ ١٤١١- ١٥٠٨م) *موسوعة الموصل الحضارية*، ج٢، جامعة الموصل، دار الكتب للطباعة والنشر،ص٢٦٢- ٢٧١.

٣٢- غياث الدين خواندمير(١٩٨٠)، *دستور الوزراء*، ترجمة: حربي أمين سليمان، القاهرة، هيئة المصرية العامة للكتاب.

٣٣- فؤاد احمد عطاء الله(٢٠٢٠)، *مخطوط الاباء عن المواقع الوباء لإدريس بن حسام الدين البدليسي*، *مجلة الحوار الثقافي*، مجلد٩، عدد٢،مملكة العربية السعودية، جامعة الجوف،ص١٢٩- ١٤٦.

٣٤- فيصل عبدالله بنى حمد(٢٠٠٨)، *اثر الكوارث الطبيعية على الحياة الاقتصادية في بلاد الشام في العصر المملوكي*، *حوليات الاداب والعلوم الاجتماعية*، الحولية٢٨، ، كلية التربية، المملكة العربية السعودية.

٣٥- مبارك محمد الطراونة(٢٠١٠)، *الأوبيئة(الطواعين)وأثارها الاجتماعية في بلاد الشام في العصر الممالک الجارکيسة(٧٨٣-٩٢٢هـ)*، *مجلة الأردنية للتاريخ والآثار*،مج٤-عدد٣٤، ، جامعة الأردن،ص٤٦-٦١.

٣٦- مجهول(١٩٦٨)، *حوليات دمشقية*، تحقيق: حسين حبشي، القاهرة ،مكتبة الانجلو المصرية.

٣٧- مجير الدين الحنبلي(١٩٦٨)، الأنس الجليل بتاريخ القدس والخليل، ج٢، النجف، المطبعة الحيدرية.

٣٨- محمد بن عبدالرحمن بن محمد السخاوي(١٩٩٢)، *الذيل تام علي دول الإسلام*، تحقيق: حسن إسماعيل مروة، ج٣، الكويت، دار العروبة للنشر.

٣٩- محمد بن عبدالرحمن بن محمد السخاوي(١٩٩٥)، *وجيز الكلام في الذيل على الدول الإسلام*، تحقيق: بشار عواد معروف، ج٢، بيروت ، مؤسسة الرسالة.

٤٠- محمد حمزة محمد صلاح(٢٠٠٩)، *الكوارث الطبيعية في بلاد الشام والمصر(٤٩١-٩٢٣هـ)*،(رسالة ماجستير) جامعة الاسلامية-عزة، الكلية الآداب قسم التاريخ والاثار.

٤١- محمد زاهد(د.ت)، *دراسة للأحاديث الواردة في الطاعون*،مجلة الدراسات الإسلامية، اسلام آباد، ص١٠٣- ١٤٥.

٤٢- محمد بن إسماعيل البخاري(١٩٩٣)، *صحيح البخاري*، تحقيق: مصطفى ديب البغا، ج٣-٥، ط٥، دمشق دار ابن كثير.

٤٣- محمد عطية أبو هويشل(٢٠١٢)، *الأحوال الصحية والطبية في المصر وبلاد الشام في العصر المملوكي*،(رسالة ماجستير) جامعة الإسلامية-غزة، كلية الاداب، قسم التاريخ والآثار.

٤٤- محمد مهدي قشلان(٢٠١٩)، *كيف تعامل الإسلام مع الوباء والبلاء*، مكتبة الشاملة.

٤٥- محمود الحاج قاسم(٢٠٢٠)، *البئة والاوبئة في التراث الطبي العربي الإسلامي*، الموصل، دار ماشكي للطباعة والنشر والتوزيع.

٤٦- محمد بن أحمد بن إياس(١٩٧٥)، *بدائع الزهور في وقائع الدهور*، ج٣، تحقيق: محمد مصطفى، القاهرة، دار احياء الكتب العربية.

٤٧- مزدور سمية(٢٠٠٩)، *المجاعات والأوبيئة في المغرب الأوسط(٥٨٨-٩٢٧هـ/١١٩٢-١٥٢٠م)*،(رسالة ماجستير) جامعة منتوري، الجزائر.

٤٨- مرعى بن يوسف بن ابى بكر الحنبلي(٢٠٠٠)، *مايفعله الأطباء والداعون بدفع شرالطاعون*، تحقيق: خالد بن العرب، دار البشائر الإسلامية.

٤٩- عبدالرحمان البسطامي(د.ت) *الادعية المنتخبة في الادوية المجربة*، مخطوط.

٥٠- طه الهاشمي(١٩٥٥)، *تاريخ الأديان وفلسفتها*، بيروت، دار مكتبة الحياة.

٥١- نافذ محمد عبد ربه الشوامرة(٢٠١٢)، *الكوارث الطبيعية وأثارها في بلاد الشام في العصر المملوكي(٦٤٨-٩٢٢هـ/ ١٢٥٠-١٥١٧م)*،(رسالة الماجستير) كلية الدراسات العليا، جامعة الخليل.

٥٢- هيثم بن قاسم الحمري(٢٠٢٠)، *الأحكام الشرعية المتعلقة بالوباء والطاعون*، البحرين، شبكة الالوكة قسم الكتب.

٥٣- ياسين بن خيرالله العمري(٢٠١٧)، *زبدة الاثار الجلية في الحوادث الأرضية*، تحقيق: عماد عبدالسلام رؤوف، أربيل، مكتب التفسيرللنشر ولأعلان.

٥٤- يوسف درويش غوانمة(١٩٨٣)، *الطاعون والجفاف وأثرها على البيئة في جنوب الشام في العصر المملوكي*، *مجلة دراسات تاريخية*، عدد١٣، ، جامعة دمشق،ص٧٤- ٨٦.

سەرچاوە تورکییەکان:

٥٥- Cengiz (2020).XIX. Yüzyıla Kadar Edirne'de Görülen Salgın Hastalıklar. VAKANÜVİS-Uluslararası Tarih Araştırmaları Dergisi. Vol. 5, Sayı/No. 2.

٥٦- Cengiz EROĞLU Ve diğerleri (2012)OSMANLI VİLAYET SALNAMELERİNDE MUSUL ORSAM Ortadoğu Stratejik Araştırmalar Merkezi. ANKARA.

٥٧- GISELE MARIEN (2009 ) .THE BLACK DEATH IN EARLY OTTOMAN TERRITORIES 1347-1550(A Master's Thesis) Bilkent University Ankara . The Institute of Economics and Social Sciences.

٥٨- Hacer YAMAN(2022).17. YÜZYIL OSMANLI KAYNAKLARINDA VEBA.( YÜKSEK LİSANS TEZİ) MUŞ ALPARSLAN ÜNİVERSİTESİ. SOSYAL BİLİMLER ENSTİTÜSÜ TARİH ANABİLİM DALI.

٥٩- Hayati DEVELİ(2022)Yeni Bir Yunus Emre ve h. 870/m.1465 Tarihli Veba Salgını. Türkiyat Mecmuası 32, 1. ISTANBUL ÜNİVERSİTESİ.

٦٠- Mehmet BALABAN (2020).OSMANLI KRONİKLERİNE GÖRE II. BAYEZİD DÖNEMİ'NDE MEYDANA GELEN DOĞAL AFET-LER ÜZERİNE BİR İNCELEME. Genç Mütefekkirler Dergisi. Cilt:1, Sayı.

٦١- William Clowes(1969). COLOPHONS OF ARMENIAN MANUSCRIPTS, 1301-1480. Translated by Avedis K. Sanjian. Harvard University Press, Cambridge. London

# وباء الطاعون في الكردستان في سنوات(٨٠٠- ٩٢٠هـ/ ١٣٩٧- ١٤١٥م)

**ناصح عزيز مصطفى**(١) ، **مهدي عثمان حسين الهروتي**(٢)
(١) أ. م. ناصح عزيز مصطفى، جامعة سوران، فاكلتي الأداب، قسم التاريخ
(٢) أ.م.د. مهدي عثمان حسين، جامعة كوية، فاكلتي التربية، قسم التاريخ
Email(1): nasih.mustafa@soran.edu.iq. Email(2):
Mahdi.haruti@koyauniversity.org

**الملخص**

إن أحوال المجتمعات في العصور الوسطى مضطربة بسبب الأزمات الصحية، ومن أبرز الأزمات هو وباء الطاعون، وبسببها مات عدد كثير من سكان العالم، وخاصة في الإمارات التي كان يقطنها الكورد ، حيث تفشى فيها الكثير من وباء الطاعون في القرن التاسع الهجري/ والخامس عشر الميلادي، وقد تسبب في حدوث الازمات والموت في عدد كثير من سكانها.

ومن أحد أسباب انتشار الطاعون في الموقع الجغرافي لمناطق الكورد، حيث تقع بين الشرق والغرب، لأن أغلب الأوبئة انتقلت إليها من جوارها في الشمال والشرق والغرب.

وهذا البحث يتحدث على تفشي أوبئة الطاعون في المناطق الكردية في هذه المدة وكيفية تفشيها وأهم المناطق التي تفشى فيها الطاعون، وقد تناول البحث تعريفات الطاعون المتعددة مع نبذة تاريخية موجزة عن انتشاره،

وقد استنتجت هذه الدراسة أن أكثرية الأوبئة انتقلت الى مناطق الكورد من مناطق أخرى، وأن تفشي الطاعون تسبب في الخسائر الفادحة في الأرواح وظهور المجاعات، وهذه الأحوال قد ساعدت القوى المهيمنة في ذلك الوقت أكثر من بسط سلطتهما على المناطق الكردية.

الكلمات المفاتحة

الطاعون، الوباء، المناطق الكوردية